کەرکوک

لە دوو راپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا

وەرگێڕانی

ئازا حەسیب قەرەداخی

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

کەرکووک

لەدوو راپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا

کەرکووک

لەدوو راپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا

وەرگێڕانی

ئازا حەسیب قەرەداخی

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کەرکووک لەدوو راپۆرتی گروپی قەیرانی نێو دەوڵەتیدا**
- وەرگێڕانی: ئازا حەسیب قەرەداخی و محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق
- بابەت:
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: ئەژی ئازا
- ژمارەی سپاردن:
- نرخ: 2000 دینار
- چاپی یەکەم 2009
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی (رۆژهەلات)

زنجیرەی کتێب (421)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێرست

- لەبارەی ئەم کتێبەوە 9

راپۆرتی یەکەم:

هێورکردنەوەی دڵە ڕاوکێکانی تورکیا

لە بارەی ئاواتەکانی کوردەوە 13

- پێشەکی 15
- قەیرانی پەرەگرتوو لە کەرکووك.......................... 16

أ - سیاسەتی گەڕانەوە 16

ب -مەترسی بەرپابوونی ناکۆکی کۆمەڵایەتی........................ 18

- هەڵویستی بەهەڕەشەی تورکیا 22

أ - بەرژەوەندی زیندوو و هێڵی سووری گۆڕاو.......................... 22

ب -گەمەکردن بە کارتی تورکمان................................ 26

ج- مشتومڕ لە بارەی لەشکرکێشییەوە............................ 28

د- رەهەندی نێو دەوڵەتی.................................... 31

- گەڕان بەدوای دەرچەیەکدا 34
- راسپاردەکان 38

- بۆ حکوومەتی تورکیا 38

- بۆ سەرکردایەتی کورد لە عێراق... 38

- بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا................................ 39

- پەراوێزەکان 40

راپۆرتی دووەم:
نەوت لە بەرانبەر خاك بەرەو سەودا و مامەڵەیەکی
هەم لایەنە لەبارەی عێراق و کوردەکانەوە 57

- کورتە باسێك و راسپاردەکان.................................... 59
بۆ نێردەری نەتەوە یەکگرتووەکان 62
بۆ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان 62
بۆ حکوومەتی عێراق 63
بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان 64
بۆ حکوومەتی تورکیا 64
بۆ حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان 65
بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان 65
- پێشەکی 66
- مەتەڵی ناوچەکانی ململانێ 73
أ- کێشەو ئاڵۆزیی ناوچەکان 73
ب- رۆڵێکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان 77
ج- هەڵوێست لە ئاست پێشنیارو بۆ چوونەکانی یۆنامیدا 84

- پەرەسەندنی ململانێ لەسەر نەوت 90

أ- پەرەپێدانی سامانی نەوتی کوردستان 93

ب- نەوت لە کەرکووک و ناوچەکانی تری ململانێدا 99

ج- شەڕ لەسەر یاسای نەوت گاز 106

- ئەگەری چارەسەری گونجاو 113

أ- چارەسەری گونجاوی ناوچەکان 113

ب- سەوداو مامەڵەیەکی هەمەلایەنە 115

- ئەنجام 125
- پەراوێزەکان 125
- پاشکۆکان 12

لەبارەی ئەم کتێبەوە

گروپی قەیرانی نێودەوڵەتیی کە بە ئەنتەرناشیۆناڵ کرایسز گروپ (Crisis Group) ناسراوە، ڕێکخراوێکی بێلایەنی فرە ڕەگەزی قازانجنەویستە. بۆ ئیشکردن لە پێنج کیشوەرەکەی جیهاندا 100 کارمەندی هەیە.

بارەگای سەرەکی گروپ لە برۆکسلە، نووسینگەی ڕاوێژکاریی لە واشنتۆن و نیۆیۆرك و مۆسکۆ و لەندەن هەیە. ئێستا لە 17 ناوەندی مەیدانیی کاردەکات و توێژەرەکانیشی لە 40 ناوچەدا کە ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێ تووشی قەیران بن یان توندوتیژییان تێدایە، کاردەکەن.

ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی ئەم ڕێکخراوە کەسایەتی بەرچاوی سیاسیی و دیپلۆماسی و بزنس و ڕاگەیاندنی تێدایە، کە مەبەستیانە بە بوونی خۆیان سەرنجی داڕێژەرانی سیاسەت لە سەرانسەری جیهاندا ڕاکێشن بۆ ئەو ڕاپۆرت و ڕاسپاردانەی کرایسز گروپ پێشکەشیان دەکات. سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە سەرۆکی پێشووی فیللەندا (مارتی هستاری)ەو بەڕێوەبەری کارگێڕییەکەیشی (گارپ ئیفانز) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئوستراڵیایە.

کرایسز گروپ هاوکاری لە حکوومەت و دامەزراوە خێرخوازەکان و کۆمپانیا و خەڵکی بەخشندە وەردەگرێ.

شێوازی کارکردنی گروپی کرایسز توێژینەوەی مەیدانییە و تیمەکانی بۆ توێژینەوەی سیاسی لەو جێگە و دەوڵەتانەن، یان لەو نزیکانە دەبن کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادان و ئاژاوەیان لێ دەکرێ. بەپێی ئەو ڕاپۆرت و زانیارییانەی دەستی کرایسز دەکەون، ڕاپۆرتەتوێژینەوەی شیکاریی ئامادە دەکات کە ڕاسپاردەیان تێدایە بۆ بڕیاردەرە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان و لایەنانی پەیوەندیدار بەو کێشە دیراسەکراوانەوە (لە پاشکۆیەکی تایبەتی ئەم کتێبەدا، بە درێژی باس لەم گروپەکراوە، سروشتی کارکردنی ڕوونکراوەتەوە، تیشك خراوەتە سەر پێکهاتە و چۆنێتی کارکردنی).

ئەم ڕێکخراوە بایەخی زۆری بە کورد و مەسەلەکەی داوە لە عێراقدا، بە تایبەتیش پاشی ڕووخانی ڕژێمی سەددام. زیاتریش لە سۆنگەی مەسەلەی کەرکووکەوە کە بەلای ئەوەوە "ئاڵۆزترین بابەتی ڕێکخستنەوەیە"خۆی لەمەسەلەی کورد داوە. تا ئێستا ئەم ڕاپۆرتانەی لەمبارەیەوە ئامادەکردووە:

1. ڕاپۆرتی ژمارە 10 لە 19ی ئاداری 2003دا بە ناونیشانی (جەنگی عێراق، هەنگاوی داهاتووی کوردەکان چییە؟).
2. لاپەڕەکانی 11 تا 17 لە ڕاپۆرتی ژمارە 19 کە لە 13ی تشرینی دووەمی 2003دا بە ناونیشانی (پرکێشییەکانی دەستوور لە عێراقدا) دەرچووە.
3. ڕاپۆرتی ژمارە 26 کە لە 8ی نیسانی 2004 دا بە ناونیشانی (کوردەکانی عێراق: بەرەو چارەسەرێکی مێژوویی) دەرچووە.
4. ڕاپۆرتی ژمارە 35ی کرایسز گروپ کە لە 2005/1/26دا دەرکراوە تایبەتە بە بارودۆخی قەیرانگرتووی عێراق بە ناونیشانی: (هێورکردنەوەی دڵەڕاوکێکانی تورکیا لەبارەی ئاواتەکانی کوردەوە).

ئەمەی لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە، بریتیە لە دوو ڕاپۆرتی ئەو گروپە سەبارەت بە کەرکوك و دەرهاویشتە سیاسییەکانی لە دۆزی کورد و پەیوەندی بە عێراق و تورکیا و سیاسەتی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.

ڕاپۆرتی یەکەم، ژمارە (35)ە لە 2005/1/26 دا بڵاوکراوەتەوە. ڕاپۆرتی دووەم، ژمارە (80)ە لە 2008/10/28 دا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها کتێبەکە ژمارەیەك پاشکۆی لەگەڵدایە.

ڕاپۆرتی یەکەم کە بەندە لە شوبات- ئاداری 2005دا وەرمگێڕاوە، ئامادەکراوێکی گرنگترین لایەنەکانی ڕاپۆرتی ژمارە (35)ە بەو پەراوێزانەشەوە کە بۆ ڕوونکردنەوە یان بەڵگەهێنانەوە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە و زۆر گرنگ و پڕ زانیارین.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە، بەڵگەی ئەوە نییە خودی خۆم هەموو شیکردنەوەو دەرەنجامەکان و پێشنیار و راسپاردەکانی دەسەلمێنم، بۆ نموونە لەبارەی مولکایەتیی کورد لە کەرکوکدا کە دەڵێ " زۆربەی کوردە دەرکراوەکان لە بنەڕەتەوە کرێچی بوون نەك خاوەن موڵك... بۆیە هەر لە بناغەوە ناکۆکییەك نەماوە سەبارەت بە مولکایەتی کوردەکان، بەڵکو کێشەیەك هەیە ئەویش کێشەی گەڕانەوەی کوردە بۆ سەر ماڵێك کە نەماوە". هەروەها بە شێوەیەکی زۆر تایبەتیش لەو لایەنەوە کە پێشنیار دەکات کەرکوك بخرێتە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و نیمچە ئینتیدابێکی بەسەردا بسەپێنرێ و حاکمێکی نەتەوەیەکگرتووەکانی هەبێت، ئەو حاکمە دامودەزگاکانی پۆلیس و دادگا و خزمەتگوزارییەکان و ئەوانی دیکە "پێکەوە بنێت و بەڕێوەیان ببات و یاسا بسەپێنێ". سەرەڕای ئەو جیاوازییانەش بەلامەوە گرنگ بوو، کە بۆ خوێنەران و سیاسەتمەدارانی خۆمانی بگوازمەوە کە غەیری خۆمان چ جۆرە توێژینەوەیەك لەبارەی مەسەلەی کوردەوە دەکەن و چەندی بۆ ماندوو دەبن و چەندیشی بۆ خەرج دەکەن و سەر بە چەند شوێندا دەکەن و بە چ دەرەنجامێك دەگەن، کە دواجار لە دارِشتنی سیاسەتی دەوڵەتەکانیاندا سەبارەت بەم ناوچەیە و هەڵوێستیان لە مەسەلەی کورد رۆڵی کاریگەری هەنووکەیی و ئایندەیی دەبێت.

راپۆرتی دووەم ژمارە (80)ە لە 2008/10/28بڵاوکراوەتەوەو مامۆستا (محەمەد حەمە سالح) وەریگێڕاوە. تێیدا تێڕوانینێکی دیکەی هەندێ جیاوازی کرایسز گروپ سەبارەت بە کەرکوك دەخوێنینەوە کە لە ماوەی نێوان ئەو دوو راپۆرتەدا دروست بووە و نەوت دەخاتە بەرانبەر خاك.

تاکو ئێستا هەندێ لە پێشنیارەکانی ئەم گرووپە لە لایەن ئەمریکا و تورکیاوە بە ئاستێك لە ئاستەکان پراکتیزە کراون، بەڵام زۆربەیان ئیشیان پێ نەکراوە. بەلای سەرکردایەتی کوردستانیشەوە لێکدانەوە و دەرەنجام و پێشنیارەکانی ئەم گروپە جێی رەزامەندی نین و، گروپەکە نەیتوانیوە کەمترین رادەی دۆستایەتی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستاندا دروست بکات.

بێگومان لە ناو ئەو دوو راپۆرتەدا زانیاری گرنگ و نوێ و ئاماژە و هێمای پڕ مانای تێدایە لەبارەی جۆری بیرکردنەوە و جموجۆڵ و پلانی هەموو ئەو لایەن و دەوڵەت و پێکهاتانەی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ئایندەی عێراق و کوردستانەوە، کە بۆ ئێمە بایەخی زۆریان هەیە و دەبێت لە دارِشتنی ستراتیج و پلانەکانی کاری سیاسی و دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانماندا رەچاویان بکەین و وەك بنەما بۆ تێگەیشتن لە توخمەکانی ناو بازنەی ململانێ و بەرژەوەندییەکانمان بە هەند وەریانگرین....

ئازا

سەرەتای مانگی 2009/10

راپۆرتی یەکەم:

هێورکردنەوەی دڵەڕاوکێکانی تورکیا
لەبارەی ئاواتەکانی کوردەوە

راپۆرتی رۆژهەڵاتی ناوین. ژمارە (35) لە 2005/1/26

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ئازا حەسیب قەرەداخی

پێشەکی:

نەوت لە کرۆکی ئەو بارگرژییانەدایە کە بەردەوام لە کەرکووکدا روو لە زیادبوون و هەڵچوونی زیاترن. ئەمە قەیرانێکە لەوانەیە تا رادەی شەڕێکی بەربڵاو لە نێوانی هەموو ئەو کۆمەڵانەی پێکهاتەی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری پێکدەهێنن، پەرە بگرێ. تەنانەت لەوانەیە بگاتە رادەی شەڕێکی ناوخۆیی و تورکیای باکوورەهاوسێی عێراقیش دەخالەتی تێدا بکات[1]. لەگەڵ ئەوەی هاوکات پرسیاری جددیش لەبارەی بڕ و جۆری نەوتەکەی کەرکوکەوە هەیە. ئەوەی بە وردی زانراوە ئەوەیە لەم ناوچەیەدا بڕی دە ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگ لە ژێر خاکەکەیدایە و دەکاتە نزیکەی 10٪ کۆی یەدەگی عێراق[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بیرە نەوتەکانی کەرکووک و دەوروبەری دووەمە لە دوای بیرەکانی رومێلە لە باشووری عێراق[3].

ئەم سامانە بەسەر ژیانی ئابووری ناوچەکەدا زاڵەو، کۆمپانیای نەوتی باکوور (NOC) لە دوای حکوومەت گەورەترین ناوەندی دامەزراندنی دەستی کارە لە عێراقدا. بەم هۆیەشەوە کەرکووک بۆتە ناوەندی کێشکردنی کارگەران. هەروەها جێنیشانەی بەرنامەکانی حکوومەتەکانی پێشوو بووە، کە بۆ ساڵانێکی زۆر ئیشیان لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی دانیشتووانەکەی کردووە. لەم چوارچێوەیەشدا هەڵمەتی تەعریبکردنی ئەم شارە و دەورووبەری کراوە و بە هەر شێوەیەك بووە دەیان هەزار کورد و تورکمانی گوندەکانی ئەم شارە دوورخراونەتەوە یان ناچارکراون کە لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا بژین و مافی موڵکایەتی زەوییان نەبێ[4]. هەروەها کوردەکان لە ناو خودی شاری کەرکووك دەرکراون یان وەکو تورکمانەکان رێگەیان پێ دراوە بمێننەوە بەو مەرجە کە ئینتیمای ئیتنی و نەتەوەییان بگۆڕن بۆ عەرەب. ئەم کارە بە زاراوەی بەعسیان پێی گوتراوە "تصحیح قومیە". پارێزگاری کەرکووك کە ناوەکەی ئەمیشیان گۆڕی بوو بۆ "التأمیم" دووچاری تصحیح قومییەیەکی تایبەت بە خۆی بووە بەوەی رژێم بەشی گەورە و فراوانی خاکەکەی، کە کورد و تورکمان زۆرینەی دانیشتووانەکەی بوون، لکاندوویەتی بە پارێزگای دیکەوە[5].

قەیرانی پەرەگرتوو لە کەرکووك

أ- سیاسەتی گەڕانەوە:

لە ماوەی ساڵانی 2003 و 2004دا ئەو کورد و تورکمانانەی پێشتر راگوێزرابوون و لە کەرکووك و دەوروبەرەکەی دەرکرابوون، ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە کە رژێم رووخێنرا بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، یان ئەگەر گوند و ناوچەکانیان وێرانکرابن یاخود مینڕێژکرابن ئەوا بچنەوە ناو کەرکووك و لەژێر چادر و رەشماڵدا بۆ ماوەی چەندین مانگ لە بێبەشی و پیس و پۆخڵیدا بژین[6]. گوندییەکان هەر ئەوەندە نییە کە ماڵ و حاڵیان نەماوە بگەڕێنەوە سەری، بەڵکو لەوەش زیاتر بەشێکی یەکجار کەمیان حەزیان بەوە ماوە بچنەوە سەر کاری کشتوکاڵ کە ساڵانێکی زۆرە لێی دوورخراونەتەوە[7].

گەڕانەوەی بەلێشاوی ئەمان بۆتە هۆی تێکچوونی پارسەنگی دیموگرافی شارەکەو، رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە ئەیلولی 2004دا رایگەیاندووە کە 12 هەزار و 135 خێزانی کورد و 3 هەزار و 925 خێزانی تورکمان گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووك و دەوروبەری[8].

هەرچەندە کورد و تورکمان، هەردووکیان قوربانیی دەستی رژێمی پێشوون، بەڵام گەڕانەوەی راگوێزراوەکان لە کاریگەرییەکانی سیاسەت بێبەش نەبووە. لە پاڵ ئەوەشدا هەردوو حزبە کوردییە سەرەکییەکە- پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئیدارەی شارەکە و دامودەزگا ئەمنییەکانیان قۆرخ کردووە و بۆوەتە هۆکارێکی سەرەکی ئەو بارگرژییەی لە نێوانی کورد و تورکماندا هەیە. بە قسەی دانیشتووانە غیرە کوردەکەی کەرکووك بێت PDK و PUK هانی کوردە دوورخراوەکانیان داوە لە پارێزگا کوردییەکان و تەنانەت لە ئێران و تورکیاشەوە بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك ئەگەر چی کەرکووکییش نەبن بۆ ئەوەی بەر لە

سەرژمێری یان هەڵبژاردن یاخود ریفراندۆمێکی پێشبینیکراو بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی ناوچەکە ژمارەی کورد لە شارەکە زیاد بکات[9].

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە حزبە کوردییەکان دەڵێن ئەوان هەوڵیانداوە نەهێڵن گەڕانەوە بە لێشاو بێ و، ئەوەیشی گەڕاوەتەوە ئەگەر هەموویشی نەبێ، بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان خەڵکی رەسەنی شاری کەرکووك و پارێزگاکەن.

لەوانەیە بەڵگە و بنەما بۆ قسەی هەردوو تەرەفەکە هەبێ، لەلایەکەوە بەڵگەی ئەوە هەیە، کە لە کۆتایی هاوینی 2004دا کاریگەرییەکی زۆری سیاسەت لەسەر پرۆسەی گەڕانەوە هەیە. کاتێك ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکرد و دەرکەوت قوتابخانە و مامۆستا و کەرەستە و کتێبی کوردی کەمن، ئینجا خێزانە کوردەکان زانیان منداڵەکانیان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، ئەو کەلوپەلە کەمەی هەیان بوو پێچایانەوە و گەڕانەوە بۆ هەولێر یان سلێمانی. لە هەمان ماوەدا راگەیەنرا کە ئەو سەرژمێرییەی بڕیار بوو لە 12ی تشرینی یەکەمی 2004 دا بکرێ دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار و ئیتر ئەوەی کە دەبێت کورد دەستبەجێ بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك خاو بۆوە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە غەیرە کوردەکانی کەرکووك دەڵێن: "سەرنج بدەن حزبە کوردییەکان بۆ ئەوەیان نەبوو کورد بگەڕێتەوە لە کەرکووك بژین، بەڵکو هەر بۆ ئەوەیان بوو لە سەرژمێرییەکەدا لە کەرکووك تۆمار بکرێن"[10].

لە لایەکی ترەوە ئەو کوردانەی لە نەهامەتییەکی زۆردا لە کەرکووك دەژین و ئەوانەشیان کە راگوێزرابوون و هێشتا لە پارێزگاکانی دیکە دەژین بە سوێوە گلەیان لە سەرکردایەتی کورد دەکرد کە نەیتوانیوە پشتگیری لۆجیستی و سیاسی و مرۆیی بۆ گەڕانەوەی ئەمان دابین بکات، لە کاتێکدا ئەمان زۆریان خەون بەوەوە بینیوە عەرەبە هاوردەکان دەربکرێن و ئەمان بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك. ئەمەش لەلایەنی کەمیدا نیشانەی ئەوەیە کە حزبە کوردییەکان بە تەحەفوزەوە کاردەکەن چونکە لەلایەن نوێنەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بە وردی چاودێری دەکرێن[11].

لەسەر مۆڵکایەتی، گەڕانەوەی کوردە راگوێزراوەکان نەبووە هۆی ناکۆکی و شەڕ لەگەڵ عەرەبە نیشتەجێکراوەکاندا[12] چونکە زۆربەی کوردە دەرکراوەکان لە بنەڕەتەوە کرێچی بوون نەك خاوەن موڵك، ئەوانەش کە دەرکراون بەرلەوە بە چاوی خۆیان دیتوویانە کەماڵەکانیان وێرانکراوە یان فریاکەوتوون داویانە بە خزمێکی خۆیان. وەلێ گوندە کوردییەکان هەموویان کاولکراون و نەهێڵراون (بە قوتابخانە و مزگەوت و بیری ئاوەکانیانەوە). هەندێ حاڵەت نەبێ کە عەرەبە هاوردەکان خانووی سادە و ساکاریان لەو شوێنانە دروست کردۆتەوە کە کوردەکان گەڕانەوە وێرانیان کردن. رژێمی پێشوو کە دەستی بەسەر موڵکی کوردەکاندا دەگرت، دەیکردن بە دامودەزگای گشتی لەوانەش نووسینگە و بارەگای حزبەکەی، کەواتە هەر لە بناغەوە ناکۆکییەك نەماوە سەبارەت بە مولکایەتی کوردەکان، بەڵکو کێشەیەك هەیە ئەویش کێشەی گەڕانەوەی کوردە بۆ سەرماڵێك کە نەماوە. زۆربەی عەرەبە هاوردەکانیش گواستوویانەتەوە بۆ گەڕەکی دیکە[13]. ئەو حاڵەتەش کە عەرەبەکان (بە شێوەیەکی رەوا بووبێ یان ناڕەوا) موڵکیان دەستکەوتبێ کە بە ئەسڵ هی کورد یان تورکمان بووبێ، پاشی رووخانی رژێم دانیان بەوەدا ناوە کە بەهانەکانیان لاوازە و ئامادەن چۆڵی بکەن (هەندێ جار لە ژێر فشاردا ئەم ئامادەییەیان نیشانداوە)[14].

تا هەنووکە کێشەی سیاسی و مرۆیی پەیوەندیدار بە گەڕاندنەوەی دەیان هەزار کوردی دەرکراوەوە هەیە، کە مەسەلەیەکی کڵپەکردووە و بە شێوەیەکی مەترسیدار بارگرژی دەنێتەوە، دەبێت دان بە بوونیدا بنرێ و چارەسەر بکرێ.

ب- مەترسی بەرپابوونی ناکۆکی کۆمەڵایەتی:

باڵادەستیی کورد لە کەرکووك لە سەرلەنوێی ناونانەوەی شەقام و دامودەزگاکاندا دەردەکەوێ (بۆ نموونە نەخۆشخانەی صدامیان گۆڕیوە بە ئازادی)، ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە، حزبە کوردییەکان دەستیان بەسەر خانووبەرە گشتییەکان و بارەگاکانی حزبی بەعسدا گرتووە، ئەوەندەش ئیجرائی رەمزی و راشکاوانەیان کردووە، کە بوونەتە هۆی ناڕەزاییەکی زۆری ناوەندە

غەیرە کوردەکان[15]. حزبە کوردییەکان و نوێنەرانی دیکەی کورد لە ئەنجوومەنی پارێزگا و فەرمانگەکان و لیژنەی عەقاراتی عێراقی و لیژنەی دوورخراوەکان (غەیرە کوردەکان ئەم نوێنەرایەتییە بە زۆر لە قەڵەم دەدەن) دەستیان بەسەر ژیانی سیاسیدا گرتووەو بەرپرسە کوردەکانیش بە ئاشکرا ئەوە رادەگەیەنن کە نیازیانە دەست بەسەر کەرکووکدا بگرن و بیلکێنن بە ناوچە کوردییەکەوە[16].

کلدانە ئاشوورییە مەسیحییەکان رۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە هێورکردنەوەی بارگرژییەکاندا. بەبێ لایەنانە خۆیان هێشتۆتەوە و سێ گەورە کۆمەڵە رکابەرەکە ترسیان لێیان نییە، بێدەنگن و هەرکاتێکیش داوایان لێ کرابێ ناوبژییان کردووە [17]. تەنانەت چاودێرێکی رۆژئاوایی دەڵێ: " کۆمەڵەکانی ناو کەرکووک لەسەر هیچ رێکنەکەون لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە مەسیحییەك ناوبژییان بکات" [18].

یەکێك لە رکابەرە سەرەکییەکانی کورد تورکمانە کە هەندێکیان بۆ نموونە ئەو چوار حزبە نوێنەرایەتیان دەکەن، کە پێیان دەوترێت "نیشتیمانی" و لەبەرەی تورکمانیدا کۆبوونەتەوە. ئەم بەرەیە دەستکردی تورکیایە و بە زۆری تورکمانە سوننە مەزهەبەکانی تێدایە و لە لایەنی زۆرینەی تورکمانەوە بەچاوی گومانەوە سەیر دەکرێ، چونکە گومان لە کۆڵەگە نیشتیمانییەکانی رێکخراوێك دەکەن، کە بیانی دروستی کردبێ. هەرچەندە هەندێ لە تورکمانە شیعەکانیش هاتوونەتە ریزی ئەم بەرەیەوە، بەڵام بەشە هەرە زۆرەکەی بە سەرۆکایەتی رابەری روحییان ئایەتوڵا عوزما عەلی حسێن سیستانی حزبی خۆیان دامەزراندووە و واپێ دەچێ لەوەوە رێنمایی وەرگرن[19].

عەرەبەکان تەواو لێکتر ترازاون و دابەشی دوو پۆل بوون. یەکەمیان عەرەبە رەسەنەکانی کەرکووك کە لە ناوچەکانی الحدیدی و عبید و الجبوردان، دووەمیشیان عەرەبە هاوردەکان کە رژێمی بەعس هێناونی و لێرە نیشتەجێی کردوون. ئەوانەی یەکەم سوننەن و دووەمیشیان شیعەی باشوورن.

دانیشتووانە رەسەنەکەی کەرکووك هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێ عەرەبە هاوردەکان هەرچییەکیان لە موڵك و ماڵ بە ناهەقی دەستکەوتووە بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان. هەروەها زۆربەشیان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێ خۆشیان بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی رەسەنی خۆیان جا لە هەر جێیەك بێت و خانووی لەوێ هەبێت یان نەبێت (لانی زۆر وا پێ دەچێت خانووبەرەیان نەمابێت)، بەڵام سەرەڕای ئەم کۆکییە ئەمان لەبارەی چۆنێتی و کاتی گەڕاندنەوەی ئەم هاوردانە رای جیاوازیان هەیە. کوردەکان سوورن لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ بەر لەسبەی بگەڕێنرێنەوە، دەکرێ قەرەبووش بکرێنەوە و ئامرازەکانی گواستنەوەشیان بۆ مەیسەر بکرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان یان سەرژمێریی یان ریفراندۆم بێ. کەچی لە لایەکی دیکەوە عەرەبی رەسەن و تورکمانیش هەن، چونکە خانووەکانی خۆیان بەمان بەکرێ داوە و هێزێکی هەرزانی کارن کە لە ئایندەیەکی نزیکدا پێویستیان پێیان دەبێت بۆ ئیش کردن لە بینا و ئاوەدانکردنەوەدا، لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە بەشداری دەنگدان دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا و لە توانای کورد کەم دەکەنەوە.

هەوڵی کوردەکان هەر بۆ ئەوەندە نییە کە دیفاکتۆیانە یان شەرعییانە زاڵ بن بەسەر شارەکەدا، بەڵکو ئەوان دەیانەوێ دەسەڵاتیان بەسەر زۆربەی هەرە زۆری شوێنەکانی پارێزگاکەدا هەبێ. ئەوان کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو دابەشکردنە ئیدارییەی رژێم کردوویەتی هەڵیوەشێننەوە و پارێزگاکە بگەڕێننەوە سەر سنووری ئیدارییەکەی پێش ساڵی 1975 و بەمەش ژمارەی کورد لە پارێزگاکە زیاد بکەنەوە. ئەم جموجۆڵە بە ئاشکرا لەو ناوچانەدا دیارە کە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لە کەرکووك جیادەکەنەوە. ئەم ناوچانە ئەرزی حەرام بوون و رژێمی پێشوو هەموو خەڵکە کوردەکەی لێ دەرکردبوون و بە تەواوەتی چۆڵ کرابوون و پێی دەوترا "هێڵی سەوز". ئێستا کوردەکان دەگەڕێنەوە و خانوو گوندەکانیان لەوێ ئاوەدان دەکەنەوە. دانیشتووانە غەیرە کوردەکە و تەنانەت حکوومەتی کاتی عێراقیش تەماشای ئەم جموجۆڵە دەکەن و پێیان وایە جووڵە پێکردنێکی راستەقینە و تۆقێنەری هێڵی سەوزە بەرەو ناوەوەی کەرکووك[20].

سەرباری ئەوانەش جەلال تاڵەبانی رابەری" سکرتێری گشتی" یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (PUK) هەمیشە ئەو دووپات دەکاتەوە کە دەبێت دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر لە کەرکووکیش تێپەرێت تا دەگاتە پارێزگای دیالە. مەڵبەندی یەکێتی نیشتیمانیش لە خانەقین بەوە تۆمەتبارە کە "پاکتاوی رەگەزیی پێچەوانە"ی پیادە کردووە وەختێ سەدان خێزانی شیعەی عەرەبی لە 2003دا دەرکردووە. ئەم رەفتارە یەکلایەنانە هاوسەنگی دیمۆگرافی تێکدەدەن و بارگرژییەکە توندوتیژتر دەکەنەوە.

هەڵوێستی بەهەڕەشەی تورکیا

گۆڕانکارییەکانی ناو کەرکووك زەنگی خەتەریان لە ناو تورکیا لێدا کە کوردێکی زۆری لێ دەژی. تەنانەت لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگی ئازادی عێراق، تورکیا بە شێوەیەکی گەورە لە ئەگەری جموجوڵی کورد نیگەران بوو، کە بەرەو کەرکووك ببزوێن، دواتر ئەم ئەگەرە بە هاوپەیمانێتی کورد و ئەمەریکا یەکلابۆوە کە روودەدات، بۆیە پەرلەمانی تورکیا رازی نەبوو لە تورکیاوە هیچ ئاسانکارییەك بۆ ئەمەریکا بکرێ کە بەرەی باکوور لە دژی سەدام بکاتەوە [21]. لەو کاتەوە ئیتر بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی تورکیا لەبارەی کەرکووك و باکووری عێراق و کوردەکانەوە تا رادەیەکی زۆر پەرچەکردارانەیە و کاردانەوەی زۆری پێوە دیارە[22]. تورکیا خۆیشی دەزانێ کە ئەگەر کار لە کارترازا زۆر زەرەر دەکات.

أ- بەرژەوەندی زیندوو و هێڵی سووری گۆڕاو:

ئەو کاتەی لە پاشماوەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دەوڵەتی تورکیا دروستکرا ناچارکرا واز لە هەموو داخوازییەکانی سەبارەت بە "ویلایەتی موسڵ" بهێنێت و، هێزی زاڵی بەریتانیا کە دەیزانی چ سامانێکی سروشتی لەو ناوچەیەدا هەیە لکاندی بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە. بەم کارە هەر ئەوەی لێ نەکەوتەوە کە عێراق سامانێکی نەوتینەی دەستکەوت، بەڵکو گەلی کوردیش پارچە پارچەتر کرا کە پێشتر بەپێی پەیماننامەی سیڤەر (Sevres) لە 1920دا بەڵێنی ئەوەی پێ درابوو دەوڵەتی بۆ دروست بکرێ کەچی دوای سێ ساڵ بەپێی پەیماننامەی لۆزان لێی بێبەش کرا[23].

ئەمڕۆ 12 تا 15 ملیۆن کورد لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا و نزیکەی 5 ملیۆنیش لە باکووری عێراقدا دەژین کە سەرەڕای ئەوەی ئومێدیشیان کەم بۆتەوە، بەڵام هەر خەون بەوەوە دەبینن کە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت. بوون و رۆڵی دەوڵەتی عێراق لە باشووری تورکیادا و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لەمبەر و ئەوبەری سنوورەکەی دوو بزوێنەرە ستراتیجییەکەی تورکیا بوون کە پاڵیان پێوەنا لە پەرەسەندنەکانی ساڵی 1991 و بە تایبەتیش لە کۆتایی ساڵی 2003دا ئەو رێبازەی هەبێ. تورکیا سنووری بە ئەوروپاوەیە و دوا تخوبی هاوپەیمانێتی باکووری ئەتڵەسییە و چەند دەیەیەکە چاوی بڕیوەتە رۆژئاوا و خەون بەوەوە دەبینێ کە بە تەواوەتی تێکەڵی دامەزراوەکانی رۆژئاوا بێت، بۆیە حەزی نەکردووە خۆی بگلێنێتە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هەوڵیشی داوە کە بازرگانی و سەرمایە گوزارییەکانیشی بەو لایەدا فراوان بکات. سەرنج دەدەین کە شەڕی عێراق- ئێران لە (1980-1988) بەرپا بوو، تورکیا زۆر بە وریاییەوە چاودێری دەکرد، بەڵام بێلایەنانە مایەوە[24].

ئەنقەرە وای دەبینێ کە هێزی عێراق و یەکێتی خاکەکەی لەو مەترسییانەی کەم کردۆتەوە کە دەشێ لە رێی گەمەکەرە هەرێمایەتییەکانەوە تووشی ببێ، بە تایبەتیش لەلایەنی ئێران و سعودییەوە. بەرپرسێکی گەورە لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کرایسز گروپ رۆژی 27ی تشرینی یەکەمی 2004 ئەم مەسەلەیەی بەمجۆرە روون کردەوە کە: "هەمیشە عێراق لە ناوچەکەدا توخمی هاوسەنگی بووە و دەوڵەتەکانی دیکەی ناچارکردووە کە لە حاڵەتی دیفاعدا بن.. هەرچەندە ئەڵتەرناتیڤێکیش بۆ خۆی لە ناوچەکەدا نابینێتەوە، بەڵام نیگەرانی هەرە گەورەی تورکیا لەوەیە کە عێراق لەبەر یەك هەڵوەشێ یان نەمێنێ و ئەمیش ئامادە نییە ئەو هاوسەنگییە رابگرێ)).

تورکیا سیناریۆیەکی بە مۆتەکەی لە خەیاڵدایە سەبارەت بە عێراق. ئەویش ئەوەیە کە شەڕێکی ناوخۆیی لە عێراقدا بەرپا دەبێت و کورد لە باکوور دەوڵەتێك بۆ خۆیان پێکدەهێنن. یان شتێکی دیکەی لەو جۆرە روودەدات، ئەوسا کوردەکان بۆ ئەوەی ناوچەکەی خۆیان بپارێزن لە ناوەندی روخاو جیا دەبنەوە، ئینجا بە بیانووی مێژوویی و پێویستی ئابووری کەرکووکیش بە ناوچەکەیانەوە دەلکێنن و کوردستانی سەربەخۆ پێکدەهێنن. جا ئەگەر بەناویش ناوی دەوڵەتی کوردستانی نەبێ، بەڵام لە راستیدا وا دەبێت. وەلێ کوردەکان یەکگرتوو نین و ئەنقەرە پێیوایە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر

حوكمڕانێتی ئەم قەوارە نوێیە دەبێتە شەڕیان و ئیتر لەوێش ئاژاوە بەرپا دەبێت. لەمەش زیاتر ئەنقەرە لەو بڕوایەدایە کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی با شلۆق و ناجێگیریش بێت، هانی شیعەکانی باشوور دەدات، کە گەورەترین یەدەگی نەوتی عێراق لە ژێر خاکەکەیاندایە، ئەوانیش سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیەنن. ئەمەش دێوەزمەی ئازادبوونی شیعە زیندوو دەکاتەوە کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا بارگرژی زۆری لە ناوچەکەدا دروستکرد و هەر بەو هۆیەشەوە عەرەب هاوکاری گەورە و زۆری عێراقیان لە جەنگەکەیدا لەگەڵ ئێران کرد [25].

چاودێرێکی تورکیش پێیوایە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراقدا، کەرکوك چەقە ئابوورییەکەی بێت، دەبێتە هۆی: "دە ساڵ ئاژاوە و ناجێگیریی.. چونکە سەرکەوتنی ئابوورییانەی قەوارەیەکی وا دەبێتە جێ بایەخی کوردەکانی تورکیا"[26]. توێژەرێکی دیکە دەڵێ: " کاتێ کە بایەخی ئابووریی باکووری عێراق بە هۆی نەوت و بازرگانییەوە گەورە دەبێت و، خۆشگوزەرانی بە شێوەیەکی زەق ناکۆك دەوەستێ لەگەڵ هەژاریی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەوا کوردەکانی تورکیا کە هەندێکیان لاگیریی لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، لانی زۆر مەیلیان بەلای برا کوردەکانی عێراقیاندا دەچێت "[27]. بە واتایەکی دیکە مەترسییەکە لەوەدایە کە سەرکەوتنی کورد کڵپە لە هەستی جیاخوازی کوردان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەڵدەستێنێ [28].

بەم هۆیانەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە کەرکووکیش یەکێك بێت لە پێکهاتەکانی هێڵی سوورە بەلای تورکیاوە [29]. تا ئێستاش ڕوون نییە کە ئایا دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بەبێ کەرکووکیش (واتە لەسەر ئەو خاکەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992ەوە بەڕێوەی دەبات) هەر جێی ڕەزامەندی نییە؟ [30].

هێڵە سوورەکانی تورکیا هەرگیز جێگیر نەبوون و زوو زوو گۆڕاون بە تایبەتیش کە ئەم وڵاتە هەوڵ دەدات ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپای دەست بکەوێ. پێشتر تەنانەت فیدراڵییەتیش بۆ تورکیا هێڵی سوور بوو کەچی پاش ئاڵوگۆڕەکانی دوای جەنگ و کە تورکیا خۆیشی زانی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە کار لە پەرەسەندنەکانی ئەو دیو سنوور بکات، زۆر بێدەنگانە ئەم هێڵە سوورە هەڵگیرا.

بەرپرسێکی گەورە دەڵێت: "ڕاستە ئێستا حکوومەتی تورکیا بە ڕێگەچارەی فیدراڵی ڕازییە. هێڵە سوورەکانمان کەمێك زیادە ڕۆیی تێدا بوو. سەرلیستی ئەرکەکانی ئەمڕۆمان پاراستنی یەکیتێ خاکی عێراقە ئەمەش بە دیدی ئێمە مانای وایە بە فیدراڵییەت ڕازین". لەمە زیاتر وتی کە دەبێت کەرکووك بارێکی تایبەت و ئیدارەیەکی جیاوازی هەبێت تەرتیباتی دەستووری بۆ کرابێت و لە ریفراندۆمێکی گشتیدا پەسەند بکرێ [31]. دیبلۆماتکارێکی ڕۆژئاوایی لەمبارەیەوە هاوهەڵوێستە و دەڵێ: "حکوومەتی تورکیا وای لێهاتووە کە بەبیرۆکەی قەوارەیەکی کوردی لە باکووری عێراق ڕازی بێت، بەڵام ناتوانێت بەوە ڕازی بێت کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەبێ زاڵ بێت بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا (واتە کەرکووکی تێدا بێت). دەوڵەتێکی لەو جۆرە مەترسییەکی کوشندەیە بۆ ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا" ئینجا ئەو دیبلۆماتکارە ڕۆژئاواییە بە کرایسز گرووپی وت: "لەوانەیە ئەم تێڕوانینە زیادەڕۆیی تێدا بێت، بەڵام جەنەڕاڵە تورکەکان بەمجۆرەی دەبینن"[32].

هەر لەم ڕێچکەیەدا بوو کە تورکیا پێی وابوو لێدوانەکەی بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تشرینی یەکەمی 2004 دا کە وتی: (کوردەکان بۆ مافەکانیان لە کەرکووك دەجەنگن) بە شێوەیەکی زۆر تایبەت ئیستیفزازی بوو. هەروەها بەو جۆرە لێکدرایەوە کە ڕاگەیاندنی نیازی شەڕکردنە لە پێناوی کەرکووك و هەنگاوێکە بۆنی ئەوەی لێ دەکرێ کورد هەوڵی سەربەخۆیی بدات[33]. هەرچەندە هەندێك بایەخی ئەم لێدوانەی بارزانییان کەم کردەوە بەو مانایەی کە هەڵوێستگەلێکە لە چوارچێوەی پێویستییەکانی هەڵبژاردندا، کەچی قسەیەکی واش بڵاوبۆوە کە پێدەچێ نیشانەی زاڵبوونی سەربازان بێت بەسەر سیاسەتدا لە تورکیا، گوایە هێزێکی تورکیا کە لە 20هەزار سەرباز پێکهاتووە لەسەر سنوورن و ئامادەن بۆ جەنگ ئەگەر بارزانی قسەکانی خۆی جێبەجێ کرد[34].

ب- گەمەکردن بە کارتی تورکمان:

کاریگەریی تورکیا لە رووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی پەرەسەندنی بارودۆخی عێراق، بەتایبەتیش بە هەڕەشەی لەشکرکێشی، زۆر سنووردارە، بەڵام بۆ نموونە، دەتوانێ مەرزی خابوور دابخات و ئابووری کورد بخنکێنێ. کارێکی لەمجۆرە زۆر زیاتر کاریگەر ئەبێت ئەگەر سووریا و ئێرانیش وەك تورکیا بکەن. هەروەها دەتوانێت ئەو بۆرییە نەوتە دابخات کە باکووری عێراق بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە[35].

بۆ پتەوکردن و فراوانکردنی تواناکانی مانۆڕی خۆی، تورکیا پەرەی بە پەیوەندییەکانی داوە لەگەڵ تورکمانەکانی عێراق. ئەم جالییەیە بە رەچەڵەك جیاوازن لە نەتەوەی تورك، بەڵام زۆر بە توندی گوزارشت لە هەستی نەتەوایەتی لاگیری تورکیا دەکەن[36].

هەرچەندە ژمارەی راستەقینەی ئەم کۆمەڵە ئەتنییە نەزانراوە، بەڵام بە دووەمین کەمایەتی دێت لە پاشی کورد[37]. یەکێك لە چاودێران دەڵێ: "لە تورکیا، کەرکووك هەمیشە وەك شارێکی تورکمانی ناسراوە و کورد لە گوندەکانەوە وەکو غەوارە و بیانی هاتوونەتە شارەکەوە[38].

لە ماوەی ساڵانی سەدەی بیستدا، کوردەکان لەو شارانەدا جێگیربوون کە پشت بە ئابووری پترۆڵ دەبەستن. بەو هۆیەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی تورکمانەکان زیاتر بوو، بەڵام بە لووتبەرزیشەوە تەماشای کوردیان دەکرد. رۆژنامەنووسێکی تورك ئەم حاڵەتی خۆبەزلزانینە چینایەتییەی تورکمانەکان لە دژی کوردەکان بەوە تەفسیر دەکات کە تورکمانەکان لە سەردەمی عوسمانیدا ئەسیاد و گەورە ئەفسەر و بازرگان و پیشەوەر بوون کەچی زۆربەی هەرە زۆری کوردەکان جووتیار و سەپان و سەربازی پیادە بوون[39]. پیرەمێردێکی تورکمانیش دەڵێ: " وەکو ئەفریقیاییەکان لە ئەمەریکا، کوردەکان لە عێراق خزمەتکار و بەردەست بوون. وردە وردە لەم شارانە نیشتەجێ بوون. کە حکوومەتی عێراقیش گوندەکانیانی بۆردومان کرد، بە ژمارەی زیاتر کۆچیان بۆ ناو شارەکان کرد [40] و، لە هەنگاوێکیشدا کە بەهەنگاوێکی ئازاربەخشی دەزانین حکوومەتی ئینتیداب زمانی خوێندنی لە تورکییەوە کرد بە کوردی، زمانی خزمەتکاران" [41].

بەڕای چەندین چاودێر تورکیا تورکمانی وەك بەهانە بەکارهێناوە بۆ دەستێوەردان لە عێراقدا تا بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە باکوور بپارێزێ. لەمەدا ئیشی لەسەر ئەو تووڕەبوون و دڵەڕاوکەیە کردووە کە لای تورکمانەکان بەرامبەر لێشاوی کوردە گەڕاوەکان دروست بووە و بەکاری هێناوە بۆ وروژاندنی ئەو هەست و سۆزە لاگیرەی لە ناو تورکیا هەیە بۆ لەشکرکێشی. رۆژنامەنووسێکی تورك دەڵێ: "تورکیا تەنیا دە ساڵ دەبێت بایەخ بەمەسەلەی تورکمان دەدات بە تایبەتی کە شەڕی ناوخۆ لە کوردستان بەرپا بوو." هەروەها دەڵێ: "ئەوکاتە مەسەلەی تورکمان بەلای هێزی راستڕەوی تورکیاوە رەهەندێکی ئایدیۆلۆجی وەرگرت" [42]0 بەگوتەی دیبلۆماتێکی رۆژئاواییش بێت:"ئەمە مانای وانییە کە بایەخدانی تورکیا بە تورکمان هەڵبەستراو بێت، بەڵکو ئیستیغلال کرا. تورکەکان بە درێژایی حوکمڕانێتی سەدام و دەورانی تەعریب دەرهەق بە تورکمانەکان بێدەنگ بوون و دەستپێشخەرییەکان نەکردووە بۆ هەنگاوێکی تایبەت لەو بارەیەوە، کەچی ئەمڕۆ دەزانن مەسەلەکە لەلای جەماوەری تورکی جێ دەکاتەوە کەوتوونەتە جووڵە، هەر لە راستیشدا فشارێکی راستەقینەش هەیە".

بەرەی تورکمانی عێراقی ئەو ئامرازە سەرەکییەیە کە تورکیا بەکاری هێنا بۆ کردنەوەی دۆسێی تورکمانەکان. بەرە رێکخراوێکە دەزگاکانی ئاسایشی تورکیا بە پارە و پولی حکوومەتی تورکیا لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا دروستیان کرد[43].

بەرەی تورکمانی هەر هەوڵی ئەوەی داوە کە تورکمانەکان لە ژێر یەك چەتردا کۆبکاتەوە بەو رێیە کە گوزارشت لە دڵەڕاوکەی ئەوان بکات و داوا لە تورکیا بکەن دەخالەت بکات. ئەندامێکی سەرکردایەتی بەرەش وتی: "دەمانەوێ هێزەکانی تورکیا بێنە کەرکووکەوە، چونکە کوردەکان ناکشێنەوە. چۆن دەکرێ بەوە رازی بین کە ئەوەی هی ئێمە بوو لێمان زەوت بکەن؟ کوردەکان هەرگیزاو هەرگیز خۆبەخۆ لە کەرکووك ناکشێنەوە، بەڵام کە تورکیا هات هەڵدێن[44]".

چونکە بەرە بە دەستی دەرەکی دروست کراوە تەنانەت لە ناو خودی تورکمانەکانی عێراقیشدا ڕۆڵی ئەو لە باکووردا مایەی مشتومڕ بووە[45] بەڵام لە ناو تورکیادا بە پێچەوانەوە واپێدەچێ جەماوەر ئاگای لەوە نەبێت کە حکوومەتەکەیان ڕۆڵی هەیە لە ئاژاوەنانەوە لە باکووری عێراق دا ڕۆڵی هەیە یان ئەم جەماوەرە هەر لە بناغەوە بایەخ بەم مەسەلەیە نادەن[46]

جالییەی تورکمان دەزانن ڕای باو ئەوەیە کە ڕیشەی بەرە ڕیشەیەکی بیانییە و ئەم سیفەتە بەسەر هەموو تورکمانیشدا شکاوەتەوە، بۆیە تورکمانێکی هەڵسوڕاوی سەربەخۆ دەڵێت: "ئێمە پێویستمان بە تورکیایە کە بمانپارێزێ، بەڵام کە ئێمە ببینە لقێکی حکوومەتی تورکیا ئیتر ڕاستگۆییمان نامێنێ". (تەحسین کەهیە) ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی تورکمان نیگەرانی خۆی لەو ڕیعایەت کردنەی تورکیا بۆ بەرەی تورکمانی دەربڕی کە دەشێ لەشکرکێشی لێ بکەوێتەوە و وتی:" من دژی دەستێوەردانی سەربازیی تورکیام، ئێمە عێراقین و دەبێت کێشەکانمان خۆمان چارەسەریان بکەین، ئەگەر هێزەکانی تورکیا هاتنە عێراقەوە سوریا و ئێرانیش وا دەکەن. ئێمە تەنیا پێویستمان بە هاریکاری تورکیایە و هیچی دیکە نا".

ج- مشتومڕ لەبارەی لەشکرکێشییەوە:

بە شێوەیەکی گشتی لە تورکیا وا تەماشای لەشکرکێشی تورکیا دەکەن بۆ ناو عێراق وەك پرۆژەوەڵامێك بۆ دەستبەسەرداگرتنی پێشبینیکراو یان ڕاستەقینەی کوردەکان بەسەر کەرکووکدا. هەمووش لەسەر ئەوە کۆکن ئەم زاڵبوونە هەڕەشە لە مافەکانی تورکمان دەکات. لە ڕاستیدا هەڵبەستنی "مەسەلە"ی تورکمان خۆی لە خۆیدا لەشکرکێشی تورکیا خێراتر دەکات.

دیبلۆماتێکی ڕۆژئاوایی لە ئەنقەرە بە کرایسز گروپی وت: " 1500تا 3000 سەربازی هێزی تایبەتی تورکیا لە باکووری عێراقدان، بەڵام لەبارەی ئەرك و چالاکییەکانیانەوە زانیاری زۆر کەمە. ئەم هێزە لە نزیك سنوورە و لە ئاداری 2003ەوە بە بیانووی ئەوەوە هاتووە کە ڕێ لەو کوردانە بگرێ کە لەوانەیە وەکو 1991 بەهۆی جەنگەوە کۆچڕەو بکەن بەرەو تورکیا. بەڵام هەندێك ڕاپۆرت ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێك لەم هێزە لە نزیك موسڵ و کەرکووك و تەلەعفەرە و ئەگەر پێویستی کرد زۆرتریش دەکرێ".

وەکو چاوەڕوانکراو بوو، بەبوونی ئەم هێزە هەستی کوردەکان کڵپەی سەند. ئەوە بوو لە تەممووزی 2003 دا ڕووداوێك ڕوویدا شەرمەزارییەکی زۆری بۆ تورکیا دروست کرد. پۆلیسی کورد لە سلێمانی ژمارەیەك چەکداری دەستگیر کرد، چونکە گومانی لێ کردبوون کە خۆیان ئامادەکردووە بۆ تیرۆرکردنی پارێزگاری کەرکوك دوایی دەرکەوت هەموویان سەربازی هێزی تایبەتی تورکیان. پاش ئەم گورزە ئینجا حکوومەتی تورکیا سەبارەت بەو سیاسەتەی لە باکووری عێراقدا پیادەدەکرێ، هەندێ دەسەڵاتی لە سوپا سەندەوە. بەڵام لەوێبوونە سەربازییەکەی تورکیا لە باکووری عێراقدا هەروەکو خۆی مایەوە. جارێکی دیکە لە تشرینی یەکەمی 2003 دا تروسکایی دەرفەتێکی دیکە دەرکەوت، بەتایبەتیش کەباری ئەمنی عێراق تێکچوو و ئەمەریکاش هەوڵی دەدا دەوڵەتانی دراوسێ سەربازی خۆیان بنێرن بۆ هاریکاریکردنی لە سەقامگیریی وەزعەکەدا، ئەوە بوو پەرلەمان پێشنیارەکەی حکوومەتی قبووڵ کرد کە 10 هەزار سەرباز ڕەوانەی عێراق بکات، بەڵام ئەم پێشنیارە سەرکردە کوردەکانی زۆر توڕە کرد. هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکمیش تورکیایان بەوە تاوانبار کرد کە پیلانی داڕێژراوی لە کۆنەوەی هەیە بۆ داگیرکردنی بیرەنەوتەکانی موسڵ و کەرکووك.

لە کاتی ڕووداوەکانی تەلەعفەردا لە ئەیلولی 2004دا خەڵکی سڤیل کوژران و ئاوارەبوون، ئۆپاراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا هەوڵیان دەدا کار و کردارەکانی یاخیبووان ڕاگرن، کەچی سەرەڕای ئەو هەڵایەی لە ناو تورکیادا بەرز ببووەوە کە گوایە لە تەلەعفەر "پاکتاوی ڕەگەزیی" لە دژی تورکمانەکان بەرپایە، هێزەکانی تورکیا کەلەو ناوچەیە بوون بێلایەنانە مانەوە.

ئەم ئەزموونانە بەڵگەی ئەوەن کە باجی سیاسیبوونی هێزە تایبەتەکانی تورکیا لە باکووری عێراق کە گوایە نێردراون بۆ پاراستنی تورکمانەکان و لە راستیشدا ئامانجەکەی ئەوەیە رێ نەدەن دەوڵەتی کوردی دروست ببێ، باجێکی زۆرە و ئەم هێزانە رووبەڕووی مقاوەمەتێکی جەسورانەی جەنگاوەرە کوردەکان دەبنەوە کەلە شەڕە جۆراوجۆرەکاندا شارەزاییەکی زۆریان کۆکردۆتەوە. هەروەها لەبەر رۆشنایی چاکبوونی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی سەبارەت بە پێگەی نێودەوڵەتی تورکیا روویانداوە وا پێدەچێ هاندەر نەبن، کە تورکیا خۆی لە کردەوەیەکی لەوە فراوانتری سەربازی بگلێنێ.

دیبلۆماتێك لەمبارەیەوە وتی: "مەیلی سەرکێشی تورکیا بۆتە پاشماوەیەکی رابردوو، تورکیا ئێستا دەزانێ کە لێی خۆش نابن. هەموو هەڕەشەکانی دەستوەردان لە باکووری عێراقیش سەلمێنراوە کە پڕوپوچن و ئێستا چاودێرییەکی مەدەنی زۆر زیاتر لەوەی رابردوو بەسەر رەفتارەکانی سوپاوەیە و سوپاش خەریکە متمانەی سیاسی پەیدا دەکاتەوە. سوپا بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بە عێراق، بەڵام سیاسەتێکی تایبەتی نییە".

هاوکات کۆبوونەوەیەکی چاودێران و توێژەروان لە ئەستەنبوڵ ئەوەی دووپات کردەوە کە: "داوای راستڕەوەکان کە تورکیا لەشکرکێشی بکات، دیدوبۆچوونی سوپا عەکس ناکاتەوە. هەرچەندە تورکیا بەردەوام لە هەموو بۆنەیەکدا باسی لەشکرکێشی دەکات، بەڵام هەر خۆیشی باش دەزانێ کە لەسەر ئەرز باجەکەی یەکجار گەورە دەبێت، واتە قوبرسێکی دیکەی تووش دەبێت"[47].

بەڵام هەمووان هەست بەم متمانەیە ناکەن و لێدوانەکانی حکوومەت مەزەندەی بەیەکتر ناکۆك و هەندێ دڵەڕاوکەیش دروست دەکەن.

کردەوەی توندڕۆ تەنانەت کە لە رووکەشیشدا وا دیار بن کە ناعەقڵانین، بەڵام لەوانەیە هەر کاردانەوەی توندڕۆ دروست بکات و زیانیش بە بەرژەوەندییە دوورخایەنەکانی تورکیا بگەیەنن. حکوومەتیش، وەك یەکێك لە توێژەرەوان ئاماژەی پێکرد، هەموو شتێك دەکات بۆ پاراستنی تورکمانەکان لە کەرکووك، ئەگەر کوردەکان جووڵان بۆ داگیرکردنی شارەکە. ئامادەشە "بەتەواوەتی دەرەنجامەکانی ئەم کردەوەیەی لە ئەستۆ بگرێ وەك چۆن لە قوبرس کردوویەتی". دیبلۆماتێکی رۆژئاواییش لەمبارەیەوە وتی: "زیان بەخۆگەیاندن مەسەلەیەکە تورکەکان زۆر شارەزان تێیدا".

د- رەهەندی نێودەوڵەتیی:

تورکیا لە ناو خودی خۆیدا سەبارەت بەوەی لە باکووری عێراق چی بکات دابەشە بەسەر چەند تەوژمێکدا، هەڵوێستی ئەمەریکاش کە تەنیا هێزێکە دەتوانێ هاوکاربێت بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ کەرکووك بە هەڵوێستێکی نەگەتیڤ و رقهەڵسێن دەبینێت. بەلای تورکیاوە سیاسەتی ئەمەریکا لە باکووری عێراقدا نەبوونی سیاسەتە، چونکە لەلایەکەوە زۆر سەرقاڵی قەیرانی ئەوەدوای عێراقە(48)، لە لایەکی دیکەشەوە قەرزاری کوردەکانە کەلە کاتی جەنگدا زۆریان هاریکاری کرد، هەروەها دوودڵە لەوەی پێش بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بگرێ چونکە دوو حزبن ئایدیۆلۆجییەتی عەلمانیان هەیەو باشترین دوو خەیارن بۆ لە پەراوێزکردنی رەوتی ئیسلامی لە ناو کورداندا. هاوکات سیاسەتێکی چالاکی پیادە نەکردووە بۆ سووککردنی ئەو بارگرژییەی لە کەرکووکدا هەیە (دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکم لە ساڵی 2003دا). هەرچەندە ئەمەریکا 50 ملیۆن دۆلاری بۆ کوردە راگوێزراوەکانی کەرکووك تەرخان کرووە، بەڵام پێویستی بە نەخشەیەکی سەرتاسەری هەیە و لە حاڵی حازردا شتێکی ئەوتۆ دیار نییە کە ئەمەریکا بۆ کەرکووك ئیشێکی جدی بکات[49].

بارودۆخەکە بەوجۆرە کە دیبلۆماتێکی رۆژئاوایی بە چڕکراوەیی باسی دەکات بریتییە لەوەی کە: "تورکیا لەوە دەترسێ ئەمەریکا لە کێشەی کەرکووك بە ئاگا نەیەت تا ئەو کاتەی کار لە کار دەترازێ".

پرۆسەکەی تەلەعفەر ئاسەوارێکی نەگەتیڤی لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمەریکا جێهێشتووە، ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان هێرشێکی ئاسمانی و پیادەیی لە 9ی ئەیلولی 2004دا بەرێخست بۆ ریشەکێشکردنی یاخیبووەکان وەزیری دەرەوەی تورکیا عبداللە گول ئەوەی مەحکوم کرد کە ناوی نابوو: "بەکارهێنانی زیادەڕۆیی هێز دژی مەدەنییەکان" و هەڕەشەی ئەوەیشی کرد کە ئەگەر پرۆسەکە بەردەوام بێت "حکوومەتی تورکیا لە هەموو بوارەکاندا شەراکەتی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا لە ناو عێراقدا کۆتایی پێدەهێنێت" [50].

هەمان دیبلۆماتی رۆژئاوایی دەڵێ: "حکوومەتی تورکیا تێناگات بۆچی ئەمەریکا کە زۆر باسی جەنگ لە دژی تیرۆر دەکات، لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان PPK کە لە حوزەیرانەوە 1500 جەنگاوەری لە سنوور پەڕیونەتەوە، هیچی نەکردووە و نایکات" [51].

تورکیا پشتی بە ئەمەریکا بەستبوو کە بەڵێنەکانی بکاتە کردار و سەربازەکانی بنێرێت بۆ تێکشکاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان وەك ئەوەی کە جەنگاوەرەکانی ئەنساروئیسلامی لە ئاداری 2003دا ریشەکێش کرد. بەر لەسەردانەکەیشی بۆ تورکیا سەرۆك بۆش بەڵێنیدا یارمەتی حکوومەتی تورکیا و عێراق بدات بۆ لەناوبردنی ئەو رێکخراوە و وتی: "پێکەوە کاردەکەین بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئێمە راوەدووی تیرۆرستان دەکەین و کە رێکخراوێکیشمان ناو نا تیرۆریست ئەوە ئێمە دەزانین چیمان وتووە [52]. کەچی ئەمەریکا بەڵێنەکەی بەدی نەهێنا".

لە دوور مەودادا سەرکردایەتی تورکیا زۆر پشت بەوە دەبەستێ کە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا چارەسەرێکی بۆ کێشەی کورد بۆ دەدۆزێتەوە- لە تورکیا و لە باکووری عێراقیش.

هەرچەندە ئەمەریکا رۆڵی لەوەدا هەبوو کە لە 17ی کانوونی یەکەمی 2004دا یەکێتی ئەوروپا دەنگیدا دانوستانی وەرگرتنی تورکیا دەست پێ بکرێ [53]، بەڵام خشتەیەکی زەمەنی بۆ ئەو دانوستانە دانەنراوە و دەرەنجامی دڵنیاکەرەوەشی دیار نییە، بەڵام سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دڵنیایی دەروونیی تورکیا و پێیوایە کوردە هەژار و تووڕەکان روو لە ئەوروپا دەکەن بۆ ئیش و سەرمایەگوزاریی و لە داوی جیاخوازیی دوور دەکەونەوە کە دیاردەکانی پێشکەوتنی خزمەکانیان لەو دیو سنووری باشوورییانەوە لە عێراق دایدەنێنەوە [54].

گەڕان بە دوای دەرچەیەکدا

لەڕووبەڕووبوونەوەی هێزگەلێکدا کە تورکیا ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات، ئەمڕۆ ستراتیجییەتی خۆی بە جۆرێك ئاراستەکردووە بەرەو قەیرانی عێراق کە پابەند و گونجاو بێت لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەدا کە لە بەغدا بەدەست دەهێنرێن[55] بەو چارەسەرەشەوە بۆ کەرکووك، کە بنەماکەی دانوستانە لە نێوانی هەموو لایەنەکانی عێراقدا. سەرەڕای ئەوەش تورکیا موجازەفە دەکات کە بۆ یەکجاری واز لەوە بهێنێت دەخالەتی سەربازی بکات لە حاڵەتێکدا پەرەسەندنێکی هەڵە لە عێراقدا روویدا یان عێراق دابەش کرا یان کوردەکان دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرت وەك هەنگاوی یەکەم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ((سەرنج دەدەین کە کرایسز گروپ لەسەر ئەو رایەیە کە نابێت بۆ یەکجارەکی تورکیا واز لە خیاری لەشکرکێشی بهێنێت بە تایبەتی ئەگەر کورد ویستی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابەزرێنێ. کرایسز گروپ پێیوایە ئەگەر تورکیا واز لە خەیاری لەشکرکێشی بهێنێت موجازەفە دەکات- وەرگێڕ)).

لەلانی کەمیدا ئەزموونی عێراق لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە ئەوەندەی دەشێ بە رێی راستدا بڕوات ئەوەندەش دەشێ کە بەرێی چەوتا بڕوات. لەم حاڵەتەدا کرایسز گروپ پێیوایە: تورکیا پێویستی بە ئارامی هەیە لە کوردستانی عێراقدا (جا ئایندەی ئەم کوردستانە هەرچۆنی بێت). تەنیا رێیەکیش بۆ ئاسانکردنی ئەمە ئەوەیە کە لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی عێراقدا کاربکەن بۆ برەو دان بە بازرگانی و گەیاندنی پارە بۆ کاروباری سەرمایەگوزاری لە کوردستانی عێراقدا. دەکرێ ئەم کارە بەو جۆرە بکرێ ئەگەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەبەرچاو بگیرێن: تورکیا بۆ رێگرتن لە ئاژاوە پێویستی بە پەیوەندی باشە لەگەڵ کوردەکان، وەلێ قەوارەی ئابلۆقەدراو و لاوازی کوردیش هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەی نییە جگە لەوەی پشت بە تورکیا ببەستێ بۆ ئەوەی بیپارێزێ. هەڵبەت لە نێوانی باکوورێکی پڕ ئاشووب و ئاژاوە و باکوورێکی ئارامدا کە حزبە کوردییەکان بەڕێوەی ببەن (تەنانەت ئەگەر سەربەخۆش بێت)، هەر وەکو چاودێرێکی تورك پێشبینی دەکات، تورکیا باکوورە ئارامەکە هەڵدەبژێرێ[56].

هەندێ لە خاوەن سەرمایەکانی تورکیا لەو بڕوایەدان سەرمایەگوزاری لە باکووری عێراق شیاوە، چونکە نەوت ئەو توانایە دەبەخشێ بە کوردەکانی عێراق بە پێچەوانەی کوردەکانی تورکیاوە کە قەرزەکانیان بدەنەوە.

پەیوەندی تورك- کورد لە بواری ئابووریدا لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا باش بووە. لە تشرینی دووەمی 2003دا تورکیا و عێراق پرۆتۆکۆلی هاریکارییان لە بواری کارەبادا مۆرکرد، لە ئابی 2004 دا هەردوولا گفتوگۆیان لەبارەی دابەشکردنی ئاو و کردنەوەی مەرزێکی دیکە کرد، لە دوای جەنگیشەوە یەکەمین قەواڵەی ناردنە دەرەوەی نەوتی خاوی کەرکووکیان مۆرکرد. زیاتر لە 1000 کۆمپانیای تورکی لە عێراقدا کار دەکەن بە شێوەیەکی تایبەتی لە بواری بینا و گواستنەوەدا کە ترێلە تورکییەکان بە هەزاران تۆن شمەك بۆ سوپای ئەمەریکا دەگوازنەوە. هەن وای دەخەملێنن کە بڕی ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی نێوان عێراق و تورکیا لە 2004دا گەیشتۆتە 2 ملیۆن دۆلار و تا ساڵی 2005 دەگاتە 5 ملیۆن. لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوبوونی فرۆکەخانەی نوێ و تاوەری چاودێری لە هەولێر، پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا کەوتوونەتە گفتوگۆ لەبارەی گەشتی ئاسمانی لە نێوانی ئەستەمبۆڵ و باکووری عێراقدا. پەیوەندی تورکیاش لەگەڵ دوو سەرکردەکەی کورددا، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، ئەگەرچی گەرمیش نییە و سەرەڕای لێدوان و دیدگا بەیەکتر ناکۆکەکان، بەڵام کارکردنی جدی و هەندێجار لوتفی پێوە دیارە[57].

لە پێناوی باشتربوونێکی چلۆنایەتی پەیوەندی نێوانیان، دەبێت هەردوولا هەنگاو بنێن بۆ گۆڕینی رەوشەکە و دانانی میکانزمگەلێك کە رێگربن لە سەرهەڵدانی ناکۆکی نوێ.

بەر لە هەر شتێ دەبێت هەردوولا لێدوانە حەماسییەکانیان راگرن. ئینجا تورکیا هاوکاری کردنی دارایی بەرەی تورکمانی راگرێ کە بە هۆیەوە بەکارهێنانی مەسەلەی تورکمان وەك بەهانایەك بۆ لەشکرکێشی کەم دەکاتەوە و دەرەنجام دەرفەتەکانی

دەخالەتی کردەنیش کەم دەکاتەوە. سەرکردایەتی کوردیش دەبێت لە مەسەلەی کەرکووکدا دان بەخۆدا بگرێ و گەلەکەی بۆ چارەسەرێکی میانڕەو، لە ئایندەدا بسازێنێ.

لەوانەیە دانانی چاودێرێکی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەرکووك خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بکات و کاربکات بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان لە ڕێی گوێگرتن لە هەردوولا و چاودێری کردنی کارەکانی حکوومەتی عێراق بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زوڵمەی لە ڕابردوودا کراوە و خانووبەرە و قوتابخانە و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ گەڕاوەکان دابین بکات و گەشەی ئابووری و دروستکردنی دامەزراوەکان دوور لە تایەفەگەری بەتایبەتیش پۆلیس برەو پێ بدات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیاردانەی لە کاتی پرۆسەی دەستووردا وەردەگیرێن دەکرێ بیر لە ڕۆڵێکی گەورەتری نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتەوە لە ڕێی دانانی چاودێرێکی خاوەن دەسەڵات کە بتوانێ یاسا بسەپێنێ و پۆلیسی فرەرەگەز و دادگای هەبێ و خزمەتگوزاری دیکەش بە هاوکاری و پارەی دەرەوە دابمەزرێنێ [58].

دواجار کە تورکیا خۆی ئامادە دەکات بۆ دانوستانەکانی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپاوە چاکتر وایە بیر لەو میکانیزمانە بکاتەوە کە فشار و پاڵەپەستۆیەکەی لە باشووری ڕۆژهەڵات کەم بکاتەوە ئەوەش لە ڕێی دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی و بەرفراوان بۆ جەنگاوەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە شمولی سەرکردایەتییەکەیشی بکات و داوا لەوانە نەکات کە خۆیان دەدەن بەدەستەوە ئیعتراف لەسەر هاوڕێکانیان بکەن[59].

بەرژەوەندی ئەمەریکا کە هاوپەیمانی ستراتیجی تورکیایە و یەکێتی ئەورووپاش لەوەدایە کە هانی حکومەتی تورکیا بدەن کاری ئەوتۆ بکات لە باکووری عێراقدا دەرەنجامی پێچەوانەی ئەمانەی ئێستای لێ بکەوێتەوە. هانی ئەوەی بدەن ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ بگێڕێ لەبارودۆخێکدا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کڵپەدەسێنێ. دەبێت ئەو دووانە بەپەلە ئیش بکەن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووك و پشتگیری پەیوەندی نێوان تورکیا و سەرکردایەتی کورد بکەن و هانی سەرمایەگوزاری بدەن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەوێ بە بەڵگە ببینن کە تورکیا دەچێتە ڕیزی یەکێتی ئەورووپاوە چەند سوودی زۆرە)، بەمەش نامەیەکی تۆکمە بۆ تورکیا دەنێرن کە ئەمان تەواو پابەندن بەوەوە کە ڕێگەچارە بۆ داخوازییە ئەمنییە ڕەواکانی تورکیا بدۆزنەوە. ئەمەشیان لای خۆیەوە ئەو متمانەیە بە حکوومەتی تورکیا دەبەخشێ کە پێویستی پێیەتی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییە تۆکمەکان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە باکووری عێراق، لە ڕێی ئەم پەیوەندییەشەوە تورکیا دەکەوێتە بارێکی چاکترەوە کە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە مەسەلەی کەرکووکدا بگێڕێ. هەر ئەمەیشە کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا کاریگەرانەتر دەپارێزێ لە جیاتی هەڕەشەوگوڕەشەی پڕوپووچی لەشکرکێشی کە جگە لە نائارامی هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە.

راسپاردەکان

بۆ حکوومەتی تورکیا:

1- بەیاننامە حەماسەت خولقێنەکان لەبارەی کەرکووك و کورد و تورکمانەوە راگرێ.

2 -هاوکاری دارایی بەرەی تورکمانی راگرێ.

3- پابەند بێت بەچارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کەرکووکەوە و رێز لە هەر چارەسەرێك بگرێ کە عێراقییەکان خۆیان لە نێوان خۆیاندا لەسەری رێکدەکەون.

4- مەرزەکان لەگەڵ عێراقدا بەکراوەیی بهێڵێتەوە و بەردەوام ئیش بە بۆرییەکانی نەوتی کەرکووك- سیحان بکات.

5. هانی سەرمایەگوزاری بدات لە باکووری عێراق و لەم کایەیەدا هەرچەندی دەکرێ راستەوخۆ ئیش لەگەڵ سەرکردایەتی حزبە کوردییەکاندا بکات.

6. پرۆژەی لێبووردنێکی گشتی بەرفراوان بۆ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان دیراسە بکات کە شمولی سەرکردایەتی ئەو حزبەش بکات و گەڕاوەکان ناچار نەکات ئیعتیراف لەسەر هاوڕێکانیان بکەن.

بۆ سەرکردایەتی کورد لە عێراق:

1- بەیاننامە حەماسەت خولقێنەکان لەبارەی کەرکووکەوە راگرن.

2 -دەستبکەن بە ئامادەکردنی جەماوەری کورد بۆ چارەسەرێکی میانڕەوانەی تەوافقی بۆ ئامانجە نیشتیمانییە کوردییەکان بە پلەیەکی پێشکەوتووی ئۆتۆنۆمییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی لامەرکەزیداو، شار و پارێزگای کەرکووکیش بارێکی تایبەتی هەبێ.

3- واز لەو دامودەزگایانە بهێنن کە حزبە کوردییەکان پاشی جەنگ لە کەرکووك دەستیان بەسەردا گرتووە و هاوکاری ئەوە بکەن، کە سەرلەنوێ دەسەڵات بە شێوەیەکی هاوسەنگ دابەشبکرێتەوەو ئەو ئەنجوومەنە سەرکردایەتیان بکات کەلە رۆژی 30 کانوونی دووەمی 2005 دا هەڵدەبژێردرێت.

4- پشتگیری سەرمایە گوزاری و بازرگانیکردن لەگەڵ دراوسێکاندا بکەن.

بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا

1- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان حکوومەتی تورکیا و سەرکردایەتی کوردی عێراق.

2 - هاندانی سەرمایەگوزاری لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا.

3- پێشکەشکردنی داوانامەیەك بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە:

أ - دانانی نوێنەرێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردنی بارودۆخی کەرکووك (شارەکە و پارێزگاکەش)، بەو مەرجە کە هەر سێ مانگ جارێ راپۆرتێك بدات بە ئەمینداری گشتی لەبارەی ئەو پەرەسەندن و رەفتارانەی هەڕەشە لەباری ئارامی بارودۆخەکە دەکەن.

ب - دیراسەی ئەوە بکات کە بە راوێژ لەگەڵ حکوومەتی هەڵبژێردراوی عێراقیدا سەرپەرشتیارێك لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ کەرکووك دابنرێ، رێگە پێدراو بێت کە یاسا بسەپێنێ و لە رەگەزە جۆراوجۆرەکان هێزی پۆلیس و دادگا و دامەزراوی دیکە پێکەوە بنێت (سەرنج دەدەین کە ئەم پێشنیارە جۆرێکە لە ئینتیداب، بەڵام بەناوی سەرپەرشتیارەوە- وەرگێر).

ج- هەوڵبدات پارە و پولی لە دەوڵەتانەوە دەستبکەوێ بۆ ئاسانکردنی کاری سەرپەرشتییەکە.

ئەنقەرە، عەممان، برۆکسل

26 کانوونی دووەمی 2005

پەراوێزەکان:

1 - بەپێی خەملاندنی پسپۆرانی نەوت بێت ئەوا بیرەنەوتەکانی کەرکووك کۆنترین بیری ناو عێراقن و بە زۆری دۆشراون. چ رژێمی پێشوو، چ حکوومەتی کاتیی ئێستا جەختیان لەوە کردووە نەوتەکەی ئێرە بەزۆری دەربهێنرێت. ئەمەش وادەکات پرسیاری جددی لەوبارەیەوە بکرێ کە ئایا ئەگەر کار وا بڕوات کەرکووك دەتوانێ بە هەمان توانا بۆ ماوەیەکی درێژ نەوت بەرهەمبهێنێ؟

2 - لە کۆتایی ساڵی 2004 دا بەرهەمی رۆژانەی عێراق لە نەوتدا گەییە 2,8 ملیۆن بەرمیل. ئاژانسی رۆیتەرزیش لە راپۆرتێکی خۆیدا رۆژی 2004/11/17 نووسیویەتی بە هۆی ئەو هێرشانەوە کە یاخیبووەکان کردوویانەتە سەر بیرو وێستگەکانی ناردن و بۆرییە نەوتەکان رێژەی ناردنی نەوت لە کەرکووکەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە ناردنی بۆ پالاوگەی بایشی و ئینجا ناردنی بۆ بەندەری سیحانی تورکی لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست لە 700,000 بەرمیلەوە کەم بۆتەوە بۆ 300,000 بەرمیل. هەروەها یەکێك لە پسپۆرانی پیشەسازی نەوت بە گروپی کرایسزی راگەیاندووە کە بەرهەمی رۆژانەی ئێستای بیرەنەوتەکانی کەرکووك بە 350 تا 500 هەزار بەرمیل دەخەملێنرێ کە زۆری کەمترە لەو تێکڕاییە هەرە بەرزەی لە پێش شەڕدا، واتە لە نەوەتەکاندا گەییە 700تا 800 هەزار بەرمیل.

3 - بڕێکی زۆر نەوت لە کەرکووکدا هەیە بە جۆرێك کە ساڵی 2004 لە چوارچێوەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی قەرە هەنجیری وێرانکراو رێکخراوێکی نێودەوڵەتی غەیرە حکومی ویستبووی دوو بیری ئاو لێبدا نەوت وروژمی هێنابوو. قەرەهەنجیر گوندێکی کوردییە سەر بە پارێزگای کەرکووکە و کەوتۆتە رۆژهەلاتی کەرکووکەوە لە دووری 10 کیلۆمەتر لەسەر شەقامی نێوان کەرکووك و چەمچەماڵ- سلێمانی. ساڵی 1988 لە چوارچێوەی شالاوێکدا دژی شۆڕشگێڕانی کورد رژێمی پێشووی عێراق وێرانی کرد.

4 - زۆر لە خەڵکەکە رایانکردبوو بۆ قەزاو ناحییەکان کە وێران نەکرابوو کەچی رژێم لە نێوانی ساڵی 1987تا 1989 ئەمانەیشی وێران کرد. هەندێکی دیکە رایان کردبوو بۆ سێ شارە کوردییەکە، بەڵام زۆربەی زۆرەکە بەناچاری بە کۆمەڵگاکان رازی بوونە کە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و قوتابخانەیان تێدا بووە، بەڵام چەندین باری خراپیشی هەبووە وەك بلاوبوونەوەی بێکاری و دووری لەناوەندی شارەکانەوە و جۆرێك لە بێ ئۆمێدی لەوەی ئەو بارودۆخە چاك ببێ.

5 - دەتوانی بۆ زیاتر شارەزایی لەبارەی سیاسەتی تەعریبەوە کە رژێمی بەعس پیادەی کردووە بڕوانیتە راپۆرتێکی هیومان رایتس وۆچ بەناونیشانی "عێراق: بە زۆر راگواستن و دەرکردنی کەمەنەتەوەییەکان " ئاداری 2003. لەسەر ئەم ئەدرەسە ئەلکترۆنییە

http://www.hrw.org/reprts/2003/iraq0303.tm:

6 - بەپێی خەملاندنی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زۆربەی گەڕاوەکان بۆ پارێزگای کەرکووك ئەوانەن کە بۆ پارێزگاکانی باکووری عێراق دوورخرابوونەوە.. زۆربەی زۆری گەڕاوەکان نەچوونەتەوە زێدی رەسەنی خۆیان، بەڵام وا بەنیازن. ئێستا لە ژێر رەشماڵ و لە خانووبەرەی کاول و یاریگا و کۆنە سەربازگەکاندا لەناو شاری کەرکووکدا دەژین. هەڵبەت کۆسپ و تەگەرە زۆرن کە ئەمان ناتوانن بگەڕێنەوە بە تایبەتی چونکە خزمەتگوزاری لە گوند و ناوچەکانی خۆیاندا نییە و زۆربەیشی مینرێژکراون و لە هەندێکیشیاندا هێشتا عەرەبی هاوردە لە خانووەکانیاندا یان لەسەر ئەرزەکانیان ماون و دەرنەچوون.

7 - وەك فەرمانبەرێکی فریاگوزاری رۆژی 31ی تشرینی یەکەمی 2004 بە کرایسز گروپی راگەیاند: زۆربەی گوندییەکان پاش ئەوەی بیست ساڵە لە ئۆردوگاکاندا دەژین چیتر گوندیی نەماون و بنەما گوندییەکانی ژیان و پەیوەندییان بە کاروبار و

چالاکی کشتوکاڵەوە نەماوە. ئەمان لە هەوڵی ئەوەدان قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان و خزمەتگوزاری ئاوو ئاوەڕۆ و تەندروستی دابین بکەن. ئەمان کە لە گوندێتی خۆیان داماڵڕاون و ئالوودەی ژیانی ئەو ئوردوگایانەوە گرتووە کە ڕژێم بۆی بیناکردبوون.

8 - خەملاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ئەیلولی 2004دا لەمبارەیەوە بەمجۆرەیە: بەبەکارهێنانی 6کەس وەك تێکڕایی مامناوەندیی بۆ هەر خێزانێك، دەکرێ بڵێین 72 هەزارو 810کورد و 23هەزارو 550تورکمان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا گەڕاونەتەوە کەرکووك.

9 - یەکێك لە تورکمانە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کە سەر بە بەرەی تورکمانی عێراقە دەڵێ لە سەردەمی سەدام حسێندا تەنیا 400 خێزانی کورد لە کەرکووك دەرکراون و گەڕەکی شۆرجەش هەرگیز تێکنەدراوە. (یەکێك لە ئەندامانی کرایسز گروپ لە نیسانی 1991دا بە سیفەتێکی دیکە چووبووە کەرکووك بە چاوی خۆی بینیبووی کە شۆفلّ گەڕەکی شۆرجەی لەناوبردبوو). هەر ئەو ئەندامە تورکمانە کە ناوی خضر غالب کهیه یە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گروپەکەمان لە 2ی تشرینی دووەمی 2004دا گوتبووی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی دێن بۆ کەرکووك هەر لە ئەسڵەوە خەڵکی ئێرە نین و بەشێکیان گوندییەکانی دەوروبەرن و ئەوانی دیکە لە ئێران و تورکیا و سوریاوە هێنراون. ئەو کاتە گروپەکەمان لە حاڵێکدا نەبوو ئەم قسانە پشتڕاست بکاتەوە یان بە پێچەوانەوە بیسەلمێنی وانییە، بەڵام ئەو بەڵگانەی هەبوون بەڵێ دەیانسەلماند کە وایە هەندێ لەو کوردانە لە ئێرانەوە هاتبوون تەنانەت دەشێ هەر لەوێش لە دایك بووبن، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە مافی خۆیانە کە بە کەرکووکی لە قەڵەم بدرێن، چونکە بۆ نموونە گەنجێکی کوردی تەمەن بیست ساڵ لە دیمانەیەکدا ڕۆژی 1ی تشرینی دووەمی 2004 بە ئێمەی وت لە ئوردوگایەکی نزیك شاری کرمانشاهی ئێران لە دایك بووە کە خێزانەکەی لە 1974ەوە لەوێ جێگیربوون، ئەگینا بەرەسەن کەرکووکین و خەڵکی چنگلاوەی کەرکووکن کە لە 1991 دا ڕژێمی بەعس خاپووری کردووە و ئێستا هاتوونەتەوە لە شوێنەکەی خۆیدا ئاوەدانی بکەنەوە.

10 دیبلۆماتکارێك ڕۆژی 3ی تشرینی دووەمی 2004دا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گروپەکەمان پێی ڕاگەیاندین کە ژمارەی دانیشتووانی گریمانەکراوی کەرکووك 800هەزارە (ژمارەی دروست و سەلمێنراومان لا نییە) 200هەزاریان عەرەبی تەعریبن. لەوانەیە 50 هەزار لەمانە بەر لە تشرینی دووەمی 2004 ڕۆیشتبن، نزیکەی 100 هەزار کوردی ڕاگوێزراویش گەڕانەتەوە و هاوین لە دەواری هەڵدراودا نیشتەجێبوون تا ئەو کاتەی خوێندن دەستی پێکرد و ڕاگەیەنرا کە سەرژمێرییەکە دواخرا ئیتر نزیکەی 30 هەزارێکیان گەڕانەوە بۆ سلێمانی و هەولێر. (لەو کاتەدا گروپەکەمان لە حاڵێکدا نەبوو کە ئەم ژمارانە بسەلمێنێ).

11 لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کرایسز گروپ ڕۆژی 3ی تشرینی دووەمی 2004 د. نوری تاڵەبانی کە پسپۆڕێکی کوردەو بەرەسەن خەڵکی کەرکووکە دەڵێ، ئەگەر حزبە کوردییەکان لە نیسانی 2004دا نەچوونایەتە ناو کەرکووکەوەو کۆنترۆڵیان نەکردایە، ژمارەی کوردە دەرکراوە گەڕاوەکان زۆر زیاتر دەبوو، ئەو کاتە کێشەکانیش زۆرتر دەبوون. بۆیە بەرای ئەو "ئەمە ئەو هۆیەیە کە کوردە ڕاگوێزراوەکان بە داخلبوونی حزبە کوردییەکان خۆشحاڵ نەبوون و، ئەوان لەوێ نەبوونایە عەرەبە هاوردەکانیان دەردە پەڕاند".

بەرپرسێکی پێشووی هێزە هاوپەیمانەکانیش لە پەیوەندییەکی ئەلکترۆنیدا ڕۆژی 7ی کانوونی دووەمی 2005 پێی ڕاگەیاندین کە "پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شایستەی ئەوەن هەندێ تەقدیر بکرێن، چونکە لە ڕاستیدا ژمارەی ئێستای کوردە گەڕاوەکان لەوانەیە بەشێکی زۆر کەمی کۆی دەرکراوەکان بێ".

12- دیمانەی کرایسز گروپ لەگەڵ بەرپرسی کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان، هەولێر، 2ی تشرینی دووەمی2004

13- ئەم عەرەبانە خەڵك ناویان دەبەن بە "عەرەبی دە هەزاری" چونکە لە کاتی خۆیدا ڕژێم 10 هەزار دینار (نزیکەی 30 هەزار دۆلار بەنرخی ئەوکاتە)ی دەدانێ و، پارچە زەوییەکیش لە کەرکووك دەدانێ کە خانووی لەسەر بکەن و نیشتەجێ بن.

14- دیبلۆماتکارێکی ڕۆژئاوایی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە "شتێك نەماوە وا لە عەرەبەکانی تەعریب بکات لە کەرکووکدا بمێننەوە، چونکە کار و پیشە و ئەو سوود و قازانجەی دەیانکرد نەماوە. ئەوان ئێستا تەنیا چاوەڕێی ئەوە دەکەن قەرەبوو بکرێنەوە و لە جێیەك نیشتەجێ بکرێنەوە". دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ. کەرکووك، 2ی تشرینی یەکەمی 2004.

15- لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کرایسز گروپ، ڕۆژی 28ی تشرینی یەکەمی 2004 لە ئەنقەرە، ئاوارەیەکی تورکمان شکایەتی حاڵی بەوە دەکرد کە کوردەکان لە کەرکووك دوو پەیکەری تورکمانیان شێواندووە و شکاندوویانن و ناوی شەقام و تەلارەکانیان لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی و ئاڵای کوردیان هەڵکردووە و، لەمەش زیاتر وتی: "هەست دەکەم ئەوەی دەیکەن کاری داگیرکارە".

یەکێك لە تورکمانە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی شاری کەرکووك سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ناوی نەخۆشخانەی ئازادی هەر لە نەخۆشخانەی سەدام بهێڵرێتەوە. خضر غالب کهیە لەو دیمانەیەدا لەگەڵ کرایسز گروپ ڕۆژی 2ی تشرینی دووەمی 2004 حزبە کوردییەکانی بەوە تاوانبار کرد کە لە نیسانی2003 دا هاتوونەتە کەرکووکەوە، دامودەزگاکانیان تاڵان کردووە بە قوتابخانەکانیشەوە، دەستیان بەسەر مەرکەزەکانی پۆلیس و بینایەی پارێزگا و دواتر دەستیان بەسەر ئەنجوومەنی پارێزگاشدا گرتووە.

16- حەمید ئەفەندی وەزیری پێشمەرگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان وتوویەتی: "ئێمە ئامادەین شەڕی هەموو لایەك بکەین لە پێناوی ئەوەدا دەست بەسەر کەرکووکدا بگرین، بەشی ئێمە لە کەرکووك زۆر کەمە و هەوڵ دەدەین زۆرترمان دەست بکەوێ".

لە هیرالدا تریبیۆن دا ڕۆژی 3ی کانوونی دووەمی 2005 ریچارد أ. ئۆپڵ جی ئار دەڵێ: "کوردەکان هەوڵ دەدەن درێژە بە ئۆتۆنۆمییەکی فشەڵ بدەن".

17- د. سرود مەتی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمیتەی هەولێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری دەڵێ: "کەرکووك ناوچەی ناکۆکییە لە نێوانی دوو گەورە کۆمەڵەدا کە کورد و تورکمانە، هەریەکەیان دەڵێن کەرکووك هی خۆیەتی" هەروەها دەڵێ: "تورکمان و عەرەب پشتگیری یەك دەکەن، بەڵام مەسیحییەکان چاودێرن. ململانێی ناو کەرکووك ململانێیەکی نەتەوەییە و مەسیحییەکان لایەن نین تێیدا". دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ. ڕۆژی 2ی تشرینی دووەمی2004

18- لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کرایسز گروپ. کەرکووك، 3ی تشرینی دووەمی 2004.

19- کرایسز گروپ ڕاپۆرتی پێشووتری هەیە لەبارەی دەسەڵاتی سیاسیی گەورەی سیستانییەوە کە ئەو خۆی وا لە قەڵەم دەدات کە سیاسی نییە. هەرچەندە ئاماری بەڵگەدارمان نییە، بەڵام سەرچاوە ناوخۆییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە 40٪ی تورکمانەکان شیعەن و یەکگرتووی ئیسلامی تورکمانی کە شیعەیە، بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی 30ی کانوونی دووەمی 2005دا، چووە ریزی ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراقییەوەو سیستانی ئەم کارەی موبارەکە کرد.

20- هێڵی سەوز هێڵی ئاگربەستە، ئەو ناوچانەی لەیەکتر جیا دەکردەوە کە ڕژێم دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو لەگەڵ ئەوانەیان کە کوردەکان پاش هەڵبژاردنی ئایاری 1992 حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لێ دامەزراندووە.

21- پەرلەمانی تورکیا لە 1ی ئاداری 2003دا دەنگیدا کە نابێت هێزی سەربازی ئەمەریکا کە 60هەزار کەس بوو بە تورکیادا تێپەڕن بۆ کردنەوەی بەرەیەك لە باکووری عێراق. ئەم بڕیارە ئەمەریکای زۆر تۆڕە کردو وەك چاودێرێکی تورك دەڵێ: "وای کرد ئەمڕۆ تورکیا هیچ ڕۆڵێکی لە باکووری عێراقدا نەبێ". بە واتایەکی دیکە تورکیا وای لە خۆی کرد کە ببێتە لایەنێکی "ناپەیوەندیدار". دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەنقەرە 28ی تشرینی یەکەمی 2004.

22- دیبلۆماتکارێکی ڕۆژئاوایی دەڵێ: "تورکیا ستراتیجییەتێکی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیناریۆ جۆراوجۆرەکان و ئەگەرە کراوەکانی باکووری عێراقدا و هەموو ڕەفتارەکانی پەرچەکردارن".

23- بۆ زانینی زیاتر لەبارەی ئەم زانیارییانەوە بڕوانە:

1. “Diary” Charles Glass

2. Kerim Yildiz, The Kurds in Iraq, Present and Future
3. David McDowall, A Modern History of the Kurds, London, 2000

24- به پێچەوانەی دراوسێیەکانی دیکەی وەك ئەردەن و سعودییە و کوێتەوە تورکیا خۆی نەکردە کەناڵێك بۆ تێپەڕبوونی چەك و تەقەمەنی و بەدرێژایی جەنگەکە بێلایەنێکی سروشتی بوو.

25- بەرپرسێکی تورك دەڵێ: ئەگەر عێراق روخا کوردەکان بۆ دەسەڵات بەشەڕ دێن و باکووری عێراق ئاژاوەی تێدەکەوێ، هاوکات شیعەکان لە باشوور دەوڵەتی ئایینی رادەگەیەنن و بەحوکمی پەیوندی روو لە ئێران دەکات کە ئەویش لای خۆیەوە بانگەواز و بەیاننامە وروژێنەرەکان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی شۆڕش لە ناو شیعەکانی کەنداو زیندوو دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە کێشە بۆ ئیسرائیل و بە هەمووشییەوە دەبنە هۆی ئاژاوە و شڵەژان لە ناوچەکەدا. بۆیە بۆ تورکیا و ئیسرائیل وا باشە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. دیمانەیەکی کرایسز گروپ لەگەڵ بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ئەنقەرە، رۆژی 27ی تشرینی یەکەمی 2004. هەر چەندە ئەگەری روودانی ئەم سیناریۆیە زۆر کەمە، بەڵام لە ناوچەکەدا زۆر رێی تێدەچی و رۆژگاری شەڕی عێراق- ئێران دێنێتەوە بیر کە گەورە هاوکاری عێراق سعودییە و ئەردەن و کوێت و دەوڵەتەکانی دیکەی کەنداو بوون کە هەموویان مەترسی ئەوەیان هەبوو ئێرانی (خومەینی) بیروباوەڕی شیعەگەرایی رەوانەی ناوچەکە بکات بە تایبەتیش بۆ ئەو وڵاتانەی شیعەیان تێدا دەژی و لە سعودییە هەرچەندە کەمینەن، بەڵام بەکەناری کەنداوی پڕ لە نەوتدا بڵاوبوونەتەوە و لە بەحرەینیش زۆرینەن.

26- دیمانەی کرایسز گروپ لەگەڵ ئومیت ئۆزداغ، لێکۆڵەرەوەی سەربەخۆ و دامەزرێنەری بنکەی توێژینەوە ستراتیجی و ئەوروپایی و ئاسیاییەکان، ئەنقەرە، 28ی تشرینی یەکەمی 2004.

27- دیمانەی کرایسز گروپ لەگەڵ عوسمان کوالا کە لێکۆڵەرەوەیەکی سەربەخۆیە، ئەستەنبوڵ، 27تشرینی یەکەمی 2004.

28- بۆ نموونە چاودێرێك سەرنجی ئەوەی داوە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق "لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی داواکاری سەربەخۆییانە لەو جێیانەی تورکیا کە زۆرینەی دانیشتووانەکەیان کوردن، یان وەك ئەگەرێکی دیکە لەوانەیە هانی هەندێك لە کوردەکانی تورکیا بدات کە سوورتر بن لەسەر ئەوەی داوای جیابوونەوە بکەن".

"Kemal Kirisci," Between Europe and the Middle East: The Transformation of Turkish Policy", Middle East Review of International Affaris, vol.8,

على العنوان

http://meria.idc.ac.il/journal:.no.1(march2004)/2004/issuel/jv8n1a4.html

29- بەرپرسێکی گەورەی تورکیا دەڵێ: "سەربەخۆیی کوردستان یەکێك نییە لە خەیارەکانی تورکیا" دیمانەیەك لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەنقەرە،27ی تشرینی یەکەمی2004

30- یەکێك لە گەورە راوێژکارانی رەجەب تەیب ئۆردوگانی سەرۆکی حزبی عەدالەت و گەشەی حوکمڕان و سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئاماژەیەکی بەوە دا کە لەوانەیە بە دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق رازی بن، بەڵام ئەوەیشی بۆ قسەکەی زیاد کرد کە: ئەگەر کەرکووکی خرایە سەر ئەوە کێشە بۆ تورکیا دروست دەکات" دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەنقەرە، 27ی تشرینی یەکەمی2004.

31- دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەنقەرە27ی تشرینی یەکەمی2004. کەچی پێش جەنگ چاودێران و سیاسەتمەدارانی تورکیا هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە "هەرگیز بە عێراقێکی فیدراڵی رازی نابین". چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بوڵنت ئاگر جالی، سەرۆکی دامەزراوی دیموکراسی تورکیا و کۆنە وەزیر. ئەنقەرە3ی شوباتی2003. یەکێکی دیکەش وتی: "ناتوانین جگە لەو ئۆتۆنۆمییەی لە دەستووری1974دا هاتووە بە هیچ شتێکی دیکە رازی بین". لە دیمانەیەکی کرایسز گروپدا لەگەڵ م. فارووق دیمیر جێگری سەرۆکی بنکەی ستراتیجییە پەرەسەندووەکان، ئەنقەرە4ی شوباتی2003. دیبلۆماتێکی رۆژئاوایی سەرنجی ئەوەی داوە کە: "بەر لە جەنگ

قسەو باسی زۆر لەبارەی هێڵە سوورەکانەوە دەکرا، کەچی لە نیسانی 2003دا حزبە کوردییەکان چوونە ناو کەرکوک و موسڵەوەو تورکیاش هیچی نەکرد. لە کەناڵەکانی راگەیاندنی تورکیا زۆر نوکتە لەسەر ئەمە دروستکرا، چونکە ئاشکرا بوو کە هەموو ئەو قسانە قسەی پڕوپووچ بوون". دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەنقەرە 28ی تشرینی یەکەمی 2004.

32- دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەنقەرە 27ی تشرینی یەکەمی 2004.

33- ئەم لێدوانەی بارزانی ئەو کاتە بوو کە چووبوو بۆ ئەنقەرە، بەڵام لەمەی لێی وەرگیراوە کەمتر زەقاوزەق بوو. بەپێی ئەوەی لە ئاژانسی فرانس پرێسدا رۆژی 12ی تشرینی یەکەمی 2004 دا بڵاوکرابۆوە بارزانی وتوویەتی: "هەر کەسێك یان رژێمێك یان ئاژانسێك بیەوێت درێژە بە تەعریب بدات یان خەڵکی کەرکوك بچەوسێنێتەوە ئەوا ئێمە داکۆکی لە مافەکانیان دەکەین و ئامادەدەین لە پێناویاندا بجەنگین". هەروەها وتوویەتی: "کەرکووك شارێکی عێراقییە، بەڵام ناسنامەکەی کوردستانییە. دەبێت هاندانی پێکەوەژیان و برایەتی سەرلیستی ئەرکەکانی هەموومان بێت و ئێمە بەم ئاراستەیەدا کار دەکەین". دوای دوو مانگ لەمە بە رۆژنامەنووسێکی راگەیاندووە کە: "کەرکووك دڵی کوردستانە و ئێمە زۆری پێوە پابەندین. ئێستا ئێمە پشتمان بە دانوستان بەستووە، بەڵام ئەگەر ئەو عەرەبانەی هێنراون و لە کەرکووك نیشتەجێکراون نەڕۆن دەریان دەکەین". لە وتارێکی Olivier Weber دایە بە ناونیشانی Le Point "Kirkouk: Main basse sur Ior noir" 23ی کانوونی یەکەمی 2004. (وەك ئەوەی کە کرایسز گروپ لە فەڕەنسییەوە تەرجەمەی کردووە).

34- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی راپۆرتی رۆژنامەکانی تورکیاوە تەماشای کاسلین رۆدۆلفۆ بکە: "تورکیا پلانێك بۆ عێراق دادەنێ"، رادیۆی ئەورووپا ئازاد/ رادیۆی الحرە 3ی تشرینی دووەمی 2004. لەسەر وتاری رۆژنامەی الصباح-یشەوە ئەم بڕگەیەی وەرگرتووە "ئامانج و مەبەستگەلێك هەن لە یەکێتی ئەورووپا گرنگترن.. چونکە کەرکووك لە راستیدا دڵی کوردستان نییە، بەڵکو دڵی سیاسەتی تورکیایە لە عێراقدا" کەچی سامی کۆهینی نووسەر لە رۆژنامەی (میللییەت) ئەم قسەیەی کەم بایەخ کرد کە پاشی لێدوانەکەی بارزانی بڵاوکرابۆوە. ئەم دەڵێ: "تا پێش ساڵێك کەرکووك لە نەخشەی گفتوگۆ سیاسییەکانی تورکیادا وجودی نەبووە".

35- هەرچەندە هەندێك لە چاودێران بڕوایان بەم سیناریۆیەیە، بەڵام هەشیانە گومان دەکەن چونکە دەڵێن: "ئەمەریکا هەرگیز رێگە نادات تورکیا سنوور دابخات". بە قسەی دیبلۆماتیکی رۆژئاواییش بێت ئەوا "پەراوێزی مانۆری تورکیا لە باکووری عێراقدا تا رادەیەکی زۆر تەسك کراوەتەوە" دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ لە ئەنقەرە 28ی تشرینی یەکەمی 2004.

36- سەرەرای ڕەچەڵەك و رەسەنییان، تورکمانەکانی عێراق لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوون نەك لە تورکیاوە. لە لایەنی ئیمپراتۆرییەکانی جارانی ئەم ناوچەیەوە وەك سەرباز و بەردەست هێنراون و لە باکووری رۆژئاوای موسڵدا نیشتەجێ بوونەو بڵاوبوونەتەوە بەرەو رۆژهەڵاتی بەغدا. ئەمانە بوونەتە گەورە ئەفسەران و پیشەوەران و بازرگانان و ئیدارییەکان لە مەڵبەندی شارەکانی ناوچە دەشتاییە بە پیت و فراوانەکان و تێکەڵاوی کورد و ئاشووری و عەرەب بوون. تورکمانەکان بەزۆری لە شارەکانی موسڵ و تەلەعفەر و کەرکووك و هەولێر و ئاڵتون کۆپری و داقوق و توزخورماتوو کفری و خانەقین و مەندەلیدا نیشتەجێن.

37- بەپێی هەندێ سەرچاوەی بڕوا پێ نەکراو (چونکە سەرچاوەی بڕوا پێکراومان نەبوون) نووسەرە تورکمانەکان پێیان وایە ژمارەی تورکمانەکان تا ساڵی 2002 دوو ملیۆن زیاتر نەبووە واتە 8٪ی دانیشتووانی عێراق. بۆ نموونە تەماشای کتێبەکەی ئیرشاد هرمزی بکە بە ناونیشانی "الترکمان والموطن العراقي" ئەستەمبوڵ 2003 هەندێکی دیکە لەمەی کەمتر دەخەمڵێن و دەڵێن 25و 1 ملیۆنن دیمانەی کرایسز گروپ لەگەڵ جودت نجار سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیریی تورکمان هەولێر 6ی حوزەیرانی 2003.

38- لە دیمانەیەکدا عوسمان کاولا لە ئەستەمبوڵ رۆژی 27ی تشرینی یەکەمی 2004 ئاوای بە کرایسز گروپ وتووە و کەشکۆڵی بەریتانیش کە باسی کەرکووك دەکات لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوودا دەڵێت شارێکە زیاتر خەسڵەتی تورکمانیی هەیە و خەڵکی عەرەب و کوردیشی لێیە.

39- دیمانەی کرایسز گروپ لەگەڵ جەنگیز چاندار ئەستەمبوڵ رۆژی 26ی تشرینی یەکەمی 2004.

40- دەسەڵاتی ئینتیدابی بەریتانی و حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە درێژایی ساڵانی سەدەی بیست گوندەکانی کوردیان بۆردومان کردووە. ئەم ئۆپاراسیۆنە درێژخایەنانە بە شێك بوون لەو هەڵمەتانەی کراون بۆ راگرتنی یاخیبوونی چەند بارەبۆوەی کوردەکان دژی ئەو سیاسەتانەی حکوومەت کە بە سیاسەتی سەرکەوت و رەگەزپەرستیان زانیوە و بەرهەمی "هەڵەی یەکەم" بوون کە پەیمانیان پێدرا دەوڵەتیان بۆ دروست بکرێ و دوایی لەو پەیمانە پەشیمان بوونەوە.

41- دیمانەی (احسان دۆغرەمەچی) لەگەڵ کرایسز گروپ لە ئەنقەرە رۆژی 27ی تشرینی یەکەمی 2004. دۆغرەمەچی هاووڵاتییەکی تورکمانە خەڵکی هەولێرە و دامەزرێنەری زانکۆی Bilkent لەمبارەیەوە وتی، ئەو گۆڕانکارییەی ئاماژەی پێ کراوە لە ناوچە کوردییەکان بوو، لە کەرکووك زمانی تورکی کرایە عەرەبی وەك زمانێکی سەرەکی لە خوێندن و حکوومەتا. لە ساڵی 1950 دوا دەیەی دەسەڵاتی پادشایی بەکارهێنانی زمانی تورکی لە قوتابخانەکان قەدغە کرا و لە ساڵی 1970 رژێمی نوێیی بەعس مافی رۆشنبیری و زمانی جێبەجێ کرد و دوای کەمتر لە یەك ساڵ بە بڕیاری ژمارە 89ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لێی پاشگەزبۆوە و پرۆگرامەکانی خوێندنی کردەوە بە عەرەبی و مافە رۆشنبیرییەکانی تورکمانی پێشێل کردەوە.

42- دیمانەی کرایسز گروپ لەگەڵ نوێنەری رۆژنامەی Radikal (مرات یتکن) لە ئەنقەرە رۆژی 29ی تشرینی یەکەمی 2004.

43- بەرەی تورکمانی ITF لە ئایاری 1995دا دروست کرا و لە کۆنگرەی تورکمان نێودەوڵەتی لە تشرینی دووەمی 2002دا بووە بەرەیەك چوار حزبی تورکمانی دیکەش هاتنە رێزییەوە. ئیحسان دۆغرەمەچی کە بسزنزمانێکی عێراقی تورکمانی دەوڵەمەند و پەروەردەیی و سیاسییە و لە ئەنقەرە دەژی بە کرایسز گروپی وت کە ئەم رێی بە بەرە نیشانداوە کۆمپانیایەك بۆ پارە و پولی حکوومەتی تورکیا دابمەزرێنێ تا لەو رێیەوە پارە بۆ بەرە بنێرێت.

44- دیمانە لەگەڵ خضر غالب کهیە لە کەرکووك لە 2ی تشرینی یەکەمی 2004

45- دەنگۆیەکی وا هەیە کە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی بەرەی تورکمانی عێراقی نارازین لە حزبەکەیان، بەڵام ئێستا ئەڵتەرناتیڤێك بۆ بەرە نییە مەگەر یەکگرتووی ئیسلامی تورکمانی کە هاوپەیمانێتییەکی بنکە شیعییە و توانای کێشکردنی ئەندامە سوننە مزهەبەکانی ناو بەرەی نییە. هەندێ لە چالاکونانی تورکمان بیر لەوە دەکەنەوە حزبێکی تورکمانی دابمەزرێنن و ببێتە "رێگای سێیەم" بەڵام هێشتا خەریکی پێکەوە نانین.

46- بە قسەی (جەنگیز چاندار) هێزە تایبەتەکانی تورکیا بەرەیان دروست کردووە و دەستیان بەسەردا گرتووە: " بۆ ئەوانەی لە پەرەسەندنەکانی ناوچەکە دەکۆڵنەوە، ئەو راستییەی کە بەرەی تورکمانی رێکخراوێکی سەربەخۆ نییە و پاشکۆی سوپای تورکیایە، نهێنییەکی (راگەیەنراو)ە، بەڵام دەشێ بەم رادەیە مەسەلەکە بۆ جەماوەری تورکیا روون نەبێت". دیمانە لەگەڵ کرایسز گروپ، ئەستەمبۆل 26ی تشرینی یەکەمی 2004 د.

47- لە کۆبوونەوەیەکدا، رۆژی 26ی تشرینی یەکەمی 2004، وەك هۆشدارییەك بۆ تورکیا ئاماژە بە رۆڵی بەرەی تورکمانی عێراق کرا کە هەوڵ دەدات تورکیا کێش بکات بۆ یارمەتیدانی تورکمانەکانی عێراق، ئەمە بە رای زۆربەی ئەو چاودێر و سیاسەتمەدارانەی دژی لەشکرکێشین، وەك سیناریۆ تۆقێنەرەکەی قوبرسە و دەبێت تورکیا ئومێدبخوازێ روونەداتەوە. ئەمانە دەڵێن: تورکیا هێشتا ئەوەی بە ئەستۆوەیە کە خۆی لەو "قەیران"ە رزگار بکات کە بە هۆی دەستێوەردانی سەربازیی لە قوبرس بۆ خۆی دروستی کرد. هەڵبەت ئەمرۆ کە دەیەوێت بچێتە رێزی یەکێتی ئەوروپاوە مەترسییەکان یەکجار گەورەترن.

48- یەکێك لە لێکۆڵەرەوان وتی: ئەمریکییەکان ئەوە قبوولْ ناکەن لە مەسەلەی کەرکووکدا، فشاریان بۆ بهێنرێت. ئەوان دەیانەوێت ببنە ناوبژیوان لە نێوانی لایەنەکاندا و فشاری زۆرتریان بۆ ببەن. ئەوان بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕێن لە عێراق دەریان بکات". دیمانە، ئەستەمبۆل 26ی تشرینی یەکەمی 2004

49- سەرچاوەکان دەڵێن لە واشنتۆن دەزانن مەسەلەکان چۆنن، بەڵام لەسەر ئەوە کۆك نین کە ئایا باشتر وایە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی بەهێز لە کەرکووك پیادە بکات یان لێی بگەڕێ بۆ عێراقییەکان خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن؟ لە ئاسۆدا هەندێ جموجۆڵ هەن وا پێ دەچێ سیاسەتی واشنتۆن رووی لە گۆڕان کردبێ لەبارەی سەرلەنوێ پیادەکردنەوەی تەعریبەوە. جێگیری

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ریچارد ئارمیتاج) لە ئەنقەرە لە کانوونی دووەمی 2005 دا وتی." شتگەلێك لە یاسای حکوومەتی ئینتیقالیدا هەن دەبێت بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە چارەسەر بکرێن کە دووچاری هەرکەسێ بووە کە دەرکرابێ یان راگوێزرابێ".
بێگومان ئەمە تەنیا ئاماژەیەکی راشکاوانە نییە بۆ کورد و تورکمانەکان، بەڵکو بۆ عەرەبە (هاوردەکان)یشە لە کەرکووك کە لەوانەیە بە هۆی نەبوونی چاودێرییەکی نێودەوڵەتی کاریگەرەوە ببنە قوربانیی دەرکردنێکی رێکنەخراو. بە پێی مادەی 58 لە یاسای ئیدارەی کاتیی عێراق کە پەیوەندیدارە بەم بابەتەوە، دەستووری عێراق ئەو هەنگاوانە دیارە دەکات بۆ " چارەسەرکردنی ئەو زوڵمەی رەفتارەکانی رژێمی پێشوو لە رێی گۆڕینی دیمۆگرافیای هەندێ ناوچەوە، لە ناویاندا کرکووك، بە خەڵکی عێراقیان گەیاندووە". ئەم ماددەیە ناڕۆشنە و والآیە بەسەر چەندین لێکدانەوەی دژ بەیەکدا کە لەوانەیە ببێتە هۆی پێشلکردنی مافەکانی عەرەبە (هاوردەکان) لە کاتێکدا کە ئەمریکا دەیەوێت دەلاقەی نێوان خۆی و عەرەب پڕبکاتەوە. دیبلۆماتێکی رۆژئاوایی بە کرایسز گروپی وت: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێ ماددەی 58 وا نەبینێت وەك ئەوەی کە ئەمیش رازی بووە پاکتاوی رەگەزیی عەرەبەکانی کەرکووك بکرێ 8ی کانوونی یەکەمی 2004. بۆ مەسەلەی هەمووارکردنی ئەو ماددەیە لەوانەیە هەڵمەتێك بۆ داواکردنی هەمووارکردنی ماددەی دیکەش بەرپا بکات و بارێك بخولقێنێ لە کۆتاییدا بگات بەوەی هەموو یاساکە ئیلغا بکرێ.

50- ئاژانسی رۆژنامەگەریی فەرەنسا 13ی تشرینی یەکەمی 2004

51- ژمارەی جەنگاوەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زنجیرە چیای قەندیل لەسەر سنووری ئێران لە رۆژهەڵاتی شارۆچکەی (قەڵادزێ)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی بە 5000 چەکدار دەخەمڵێنرێ و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆنترۆڵی جموجوڵیانی کردووە.

52- داو جۆنز 25ی حوزەیرانی 2004: " بۆش بەڵێن دەدات یارمەتی تورکیا و عێراق بدات دژی یاخیبووەکانی پ.ك.ك. کەچی (سۆزان سایکس) رۆژی 13 کانوونی دووەمی 2005 بە ناونیشانی: "وڵاتەیەکگرتووەکان یارمەتی تورکەکان دەدات لە دژی کوردەکان" وتارێکی لە رۆژنامەی (هیراڵد تریبیۆنی نێۆدەوڵەتی)دا بلاوکردەوە. جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق (حامد البیاتی) بۆ ئاژانسی رۆژنامەگەریی فەرەنسا رۆژی 12 تشرینی دووەمی 2005 ئاماژەیەکی بۆ ئەم بابەتە کردووەو وتوویەتی:" باسی کردەوەی سەربازیمان کرد، بەڵام ئێستا ئێمە لە قۆناغێکداین دەمانەوێت هەڵبژاردن سەرکەوێ. لە ئایندەدا کۆدەبینەوە و دواجار بەڵێ ئۆپاراسیۆنێکی سەربازیی ئەنجام دەدەین".

54- سەرەتا تورکیا لە کانوونی یەکەمی 1964دا لەگەڵ کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپادا رێکەوتنی شەراکەی کرد. لە نیسانی 1987دا داوای کرد ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا. لە کانوونی دووەمی 1996دا یەکێتی ئەورووپا و تورکیا یەکێتییەکی گومرگییان دامەزراند. دوای سێ ساڵ لە کانوونی یەکەمی 1999دا یەکێتی ئەورووپا، تورکیای بە ئەندامی پالێوراو وەرگرت. ساڵی 2002 یەکێتی ئەورووپا بەڵێنیدا کەی توکیا دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ژمارەیەك مەرج، ئەمانیش دەست بکەن بە دانوستانی بەئەندامبوونی. لە 6ی تشرینی یەکەمی 2004دا لیژنەی ئەورووپی بە ئەنجوومەنی ئەورووپای راگەیاند کە تورکیا " بە پێی پێویست" ئەو مەرجانەی جێبەجێ کردووە و رایسپاردن کە ئەو دانوستانە دەست پێ بکەن. بەلای کەمییەوە تورکیا 2015 نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا.

54-راپرسییەکان وای نیشان دەدەن کە 87% کوردەکان لاگیری ئەوەن تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، کەچی لە بەرامبەردا 78%ی ئەوانەی تەنیا بە تورکی قسە دەکەن لاگیربوون.

55- بۆ نموونە عبداللە گول، وەزیری دەرەوەی تورکیا، رایگەیاند کە بە توندی لاگیری هەڵبژاردنەکانی عێراقە و ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە بە پێی توانا هەڵبژاردن سەرەتاسەریی بێت و بۆ هەموو عێراقییەکان بێت و بە شێوەیەکی تایبەتیش لێ نەگەڕێن عەرەبی سوننە لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیە بمێنێتەوە.

56- سەرچاوەکانی ئەم زانیارییانە برتیین لە:

- دیمانەیەك لەگەڵ کرایسز گروپ لە ئەستەمبوڵ 26ی تشرنی یەکەمی 2004.
- ئاژانسی ئاندۆڵ بۆ دەنگوباس 12 تشرینی دووەمی 2003.

- ئاژانسی رۆژنامەگەری فەرەنسا 17ی ئابی 2004.
- پەیوەندی ئەلکترۆنی لەگەڵ پسپۆرێکی پیشەسازی نەوت لە 12ی کانوونی یەکەمی 2004.
- وەزیری بازرگانی تورکیا کە قسەکانی لە ئاژانسی رۆژنامەگەریی فەرەنسا لە 17ی ئابی 2004 دا بڵاوکرابۆوە.
- رۆژنامەی هەواڵەکانی رۆژانەی تورکیا لە 1ی تشرینی دووەمی 2004.

57- جەنگیز جاندار لە وتارێکی خۆیدا بە ناونیشانی (نزیکبوونەوەی تورکی - کوردی سەرەڕای ئەمریکییەکان) گفتوگۆ لەبارەی ئەم خاڵەوە دەکات. هەواڵەکانی رۆژانەی تورکیا 23ی حوزەیران 2004.

58- بەرپرسێکی پێشوو لە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئاماژەی بۆ میکانیزمێکی هاوشێوە کرد کە بۆ شاری بەرکۆی یۆگۆسلافیای پێشوو دارێژرا و هۆشداری ئەوەیشیدا کە ئەگەر کار بەم میکانیزمە نەکرێ ئەوا لە کەرکووکدا قەسابخانەیەکی گەورە بەرپا دەبێت.

59- ئەم پێشنیارە (عوسمان کاڤالا) پێشکەشی کردووە. کاڤالا توێژەرەوەیەکی سیاسی سەربەخۆیە لەگەڵ رێکخراوێکدا کاردەکات لە دیاربکر ناوی (کلتووری ئەنادۆڵ)ە و بڵاوبوونەوەی ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری و ئاشبوونەوە ئامانجییەتی. شایانی باسە لە تەمووزی 2003دا حکوومەت لێبووردنێکی ناکامڵی راگەیاند بۆ ئەو جەنگاوەرانەی حەز دەکەن خۆیان تەسلیم بکەن و ئامادەش بن زانیاری لەسەر ئەو هاوڕێیانەیان بدەن، کە خۆیان شاردۆتەوە. پەیوەندی لەگەڵ لێکۆڵەرەوەیەکی تورک لە 10ی کانوونی یەکەمی 2005.



karkuk

In tow report of International Crisis Group

Translate into Kurdish by:

Aza H. Qaradaghi   Muhammad H. Tofik